# ژنان

خەرمانانی ١٣٩٤
September 2015
٤١

گۆڤاری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

ئازادی بۆ ژن، بەختیاری بۆ کۆمەڵ



ئەسید پرژاندن یان تیرۆری ئەسیدی



هەستیاربوونی قۆناغەکانی هەرزەکاری



ژنانی پەنابەرو سەفەر بەرەو...



ڕێنگەدۆستی ئەخلاقێکی ئینسانی و نەتەوەیی



ژن و کۆمەڵگای پیاوسالار



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پێرست


| | |
|---|---|
| سیستەمی پەروەردە، سەرەتای ستەمی رەگەزی | ٢ |
| ئەسید پرژاندن یا تێرۆری ئەسیدی | ٣ |
| ژینگەدۆستی ئەخلاقێکی ئینسانی و نەتەوەییە | ٨ |
| ژن و کۆمەڵگای پیاو سالار | ١٠ |
| هەستیار بوونی قۆناغەکانی ژیانی هەرزەکار | ١٤ |
| کچە قوتابییەکانی ئەمرۆ، ژنە چەوساوەکانی سبەی کۆمەڵگە! | ١٧ |
| بنیاتی بنەماڵەو چەند سەرنجێک | ١٩ |
| کێشەی ژنانو دەرمانە ئیکسپایەرەکەی! | ٢١ |
| لەبەرامبەر هەر ٥.٣١ پیاو تەنیا ژنێک لە بازاری کاری ئێراندا هەیە | ٢٣ |
| ژنانی پەناخواز و سەفەر بەرەو ئاوارەبوونێکی تر! | ٢٤ |
| بیرەوری رۆژێک لە ژیانی ژنە پێشمەرگەیەک | ٢٧ |
| شێعرو ئەدەب | ٢٩ |
| بەشی زانستی | ٣٥ |
| هەواڵی کارو چالاکییەکانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان | ٣٩ |
| پەیام و هەڵوێستەکانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان | ٤٢ |



دەستەی بەڕێوەبەری:
کوێستان فتووحی، عیسمەت نستانی و مینا سوڵتانزادە

ژنان
وەرزانەیەکی
سیاسی، کۆمەڵایەتی،
فەرهەنگی و ئەدەبیە






ژمارە تەلەفۆن بۆ پێوەندی گرتن بە یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی:

00964 - 7701387557



دیزاینی بەرگ:

ئەیوب شەهابیراه

دیزاینی ناوەوە:

مینا سوڵتانزادە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سیستەمی پەروەردە، سەرەتای ستەمی رەگەزی

## (بە بۆنەی دەسپێکی ساڵی خوێندنی نوێ)

عیسمەت نستانی

سەرەتای مانگی رەزبەری هەموو ساڵێک لە ئێران میلیۆنها قوتابی و خوێندکار روو لە ناوەندەکانی خوێندن دەکەن و وەرزێکی نوێی راهێنان و فێرکردن دەست پێدەکەن. ئامانج لە پرۆسەی خوێندن لە هەموو ولاتاندا راهێنانی فێرخوازە بۆ بەدەستهێنانی پسپۆڕی و فراوانکردنی ئاستی رۆشنبیری و گەیشتن بە جیهانبینییەکی عەقڵانی کە داهاتووی ولاتی لە سەر بنیات دەنرێ و لە ئەنجامدا کۆمەڵگایەکی بەختەوەری لێدەکەوێتەوە کە مرۆڤەکان تێیدا بە ئارامی و دوور لە هەر چەشنە توندوتیژی و دەمارگرژییەک پێکەوە دەژین. هەر بەو هۆیەوەیە کە وڵاتانی پێشکەوتوو بایەخێکی لە رادەبەدەر بە پەروەردە دەدەن و تەنانەت لە سەرووی پلانە ستراتیژییەکانی دەوڵەت جێگای دەکەنەوە، چون لە راستیدا باش لەو واقعیەتە تێگەیشتوون کە پەروەردەی دروست و بە پلان سەرچاوەی هێزە. رەچاوکردنی پەروەدەیەکی ستاندارد کە تێیدا فێرخواز بە دوور لە لاگیری و قەزاوەتی نەریتی و پێداگری لە سەر پێش زەمینەی فکری نەسلەکانی پێش خۆی، عەوداڵی دۆزینەوەی پەیوەندی هۆیەتی نێوان سەرجەم هاوکێشەکانی ژیانە، دەتوانێ گەرەنتیی داهاتوویەکی دوور لە هەر چەشنە توندوتیژی و دەمارگرژییەک بکا.

سەرجەم نەهامەتییەکانی کۆمەڵگای ئێران لە بنەڕەتدا دەرەنجامی پەروەردەیەکی ئیدئۆلۆژیک و لاگیرە کە دەسەڵاتی سیاسی لە پێناو پتەو کردنی بنەما نادیمۆکراتیک و دواکەوتوانەکانی توێژێکی خاوەن دەسەڵاتدا کەڵکیان لێوەردەگرێ. هەموو دەسەڵاتێکی خۆسەپێن و نادیمۆکراتیک پێویستی بە پەروەردەیەکی ئاراستەکراو هەیە شەرعییەت بەو بنەمایانە بدا کە سیستەمی سیاسی پشتی پێ دەبەستێ، لە لایەکی دیکەوە پەروەدەی ئاراستەکراو و نادیمۆکراتیک، دەسەڵاتی پاوانخواز بەرهەم دێنێتەوە. توێژی خاوەن دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامیدا بە باشی کەڵکی لەو پەیوەندییە دوو لایەنیە وەرگرتووەو هەوڵی داوە زۆر بە وردی کۆنترۆڵی کۆی پرۆسەی پەروەردە بکا لە سەرجەم ناوەندەکانی خوێندن لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا.

پەروەدەی ئاراستەکراو لە سیستەمی پەروەردەی کۆماری ئیسلامیدا رەهەندی جۆراوجۆری هەیە، ناوەرۆکی ئەو بابەتانەی لە کتێبە دەرسییەکاندا دەخوێندرێن، شێوازی هەڵسوکەوتی مامۆستا و بەرپرسانی پەروەردە لەگەڵ خوێندکار، جیاکاری رەگەزی لە قوتابخانە و زانکۆکاندا، پۆلیسی کردنی ناوەندەکانی خوێندن وەک جێگیر کردنی دووربینی مەدار بەستە لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی ئەو ناوەندانەدا، بێبەش کردن لە خوێندن بە زمانی زگماکی بۆ خوێندکارانی نەتەوە نافارسەکان، بێبەش کردنی رەگەزی مێینە لە خوێندنی هێندێک بەش لە زانکۆکاندا و ... بەشێکن لەو پلانانەی بە شێوەیەکی سیستماتیک لەلایەن سیاسەتی پەروەردەیی ئێراندا پیادە دەکرێ.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە زیاتر لێی ورد بمەوە، روانینی رەگەز تەوەرە بۆ پرۆسەی خوێندن کە رەگەزی مێینە تێیدا قوربانی ئەو شێوە روانینەیە.

بە چاوخشاندنێک بە ناوەرۆکی مادده دەرسییەکاندا بە روونی بۆمان دەردەکەوێ کە رەگەزی مێ وەک مرۆڤی پلە دوو سەیر کراوە، قارەمانی هەموو داستانەکان پیاوان و ژنان لە پەراوێزی پیاواندا خاوەنی کەسایەتین. واتە هەوڵ دراوە کەسایەتی سەربەخۆ لە ژنان زەوت بکرێ و خوێندکار بەو بیرە پەروەردە بکرێ کە پیاو بەرهەمهێنەو ژن بەکاربەر، پیاو بەرگری لە نیشتمان و بەها نەتەوەییەکان دەکا و ژن رۆڵی پشتیوان و یارمەتیدەر دەبینێ، پیاو سەرچاوەی هێزە و ژن بۆ بەردەوام بوون پێویستی بە پاڵپشتی پیاو هەیە. ئەو چەشنە پەروەردەیە فەرهەنگێک لە کۆمەڵگادا بەرهەم دێ کە تێیدا رەگەزی مێینە متمانە بەخۆبوونی لە دەست دەداو ناتوانێ تواناکانی پراکتیزە بکا، بەهرەکانی بخاتە خزمەتی ژیانی خۆی و کۆمەڵگاکەی. هەروەها رەگەزی مێ لە ئەنجامی ئەو سیاسەتە پەروەردەییەدا دەکەوێتە ناو بۆشاییەکی خۆناسین کە گشت ژیانی دەخاتە ژێر کاریگەری خۆی.

بێبەش کردنی رەگەزی مێ لە خوێندنی چەندین بەشی جۆراوجۆر لە زانکۆکاندا یەکێکی دیکە لەو ستەمانەیە کە سیاسەتی پەروەردەیی لە ئێراندا بە شێوەی پلان بۆ داڕێژراو پەیرەوی دەکا. لێرەدا «نەتوانین» بە شێوەیەکی پلانمەند بە سەر رەگەزی مێینەدا دەسەپێندرێ، ئیرادەی لێ دەستێندرێتەوەو بەو قەناعەتەی دەگەیەنێ کە جیاوازییەکی سروشتی لەگەڵ رەگەزی نێر هەیە. لە کاتێکدا دەبینین لە جیهانی مۆدێرندا ژنان لە گشت رەهەندەکانی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و تەنانەت سەربازیشدا رۆڵێکی هاوتەریبی پیاوان دەگێڕن و ئەو رەوتە رۆژ بە رۆژ بەرەوپێش چوون بە خۆوە دەبینێ، لە ئێراندا ژنان بە بیانووی جۆراوجۆری ئایینی و کۆمەڵایەتی تووشی بەربەستی زیاتر دەبن و مەودای ژیان و چالاکییان لێ بچووکتر و بەرتەسکتر دەکرێتەوە.

سیاسەتی هەڵاواردنی رەگەزی لە سیستەمی پەروەردەی ئێراندا کە لە سەرتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە بە شێوەیەکی زەقتر و پلانمەندتر لە پێشوو پەیرەو کراوە، کاریگەری گەورەی لە سەر خێزان و کۆمەڵگا داناوەو پیاوسالاری وەک نۆرمێکی کۆمەڵایەتی و بەهایەکی ئەخلاقی جێگیر کردووە. گۆڕینی ئەو فەرهەنگەش تەنیا بە گۆڕینی سیستەمی پەروەردە دەکرێ و گۆڕینی سیستەمی پەروەردەش تەنیا بە گۆڕینی عەقڵیەتی دەسەڵاتداریتی پاوانخواز و دیکتاتۆر دەگاتە ئەنجام. دەسەڵاتێک کە نۆرم و بایەخە مرۆیی و سەردەمیەکان بخاتە جێگەی ئەو بایەخانەی کە بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکەی پێناسەیان دەکا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



حەسەن حاتەمی

# ئەسید پڕژاندن یا تیرۆری ئەسیدی

**بەشی یەکەم**

**پێشەکی**

**هەڵبژێرانی رووحانی لە جۆزەردانی ١٣٩٢ (٢٠١٣) بە سەرۆک کۆماری و قبووڵ کردنی بەناچاری ئەو، لەلایەن قۆڵی پاوانخوازی کۆماری ئیسلامی بەتایبەتی عەلی خامنەیی وەلی موتڵەقەی فەقیهی دووهەم، بەیتەکەی و هێزە نیزامی، ئینتیزامی و ئەمنییەتییەکانی رێژیم، شکستی ململانێی ٨ ساڵەی نێوان قۆڵەکانی دەسەڵات بوو.**

**لە هاوینی ئەوساڵەدا، مەجلیسی نۆیەمی شوورای ئیسلامی کە زۆربەی سەر بە باڵی پاوانخواز و «ذوب در ولایت» ە. بە هێناگۆڕی بەستێن سازی توندتر لە پێشووی مەسەلەیەکی «شەرعی» و یاسایی- ئەسڵی هەشتەم-، کە پتر لە ٣٥ ساڵە کاری پێدەکرێ، یانی «امر به معرف و نهی از منکر»، بە دژی کچان و ژنان بە بیانووی رەعاتەت نەکردنی حیجابی زۆرەملێ، جینایەتێکی گەورەی دیکەی لە زنجیرە سەرکووت و تەپەسەرییەکانی رژێمی ئیسلامی، خوڵقاند.**

ئەسید پڕژاندنە یەک بەدوای یەکان لە ئیسفەهان- لە مانگی رەزبەری ساڵی ١٣٩٣ (٢٠١٤) دا، بە رۆژی رووناک و لە بۆکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، لە شەوی تاریکی ٢٣ی پووشپەڕی ١٣٩٤ (١٤ ی جوولای ٢٠١٥)، و لە رۆژی ٢٠ی گەلاوێژی ١٣٩٤ (٢٠١٥) لە بانە، بە قەولی ئاغای سادقی زیباکەلام دەچنە نێو قاوغی «خشونت مقدس»وە. ئەو «خشونت مقدس»ەش، دەچێتە پاڵ جینایەکانی «ترور مقدس» وە، کە لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ئەمنییەتی «سربازان گمنام امام زمان» ، تا ئێستا بەرێوەچوون، دەکرێ وەک «تیرۆری ئەسیدی» ش ناوی ببردرێ.

پێش وەردانەوەی ئەو رووداوە دڵتەزێنانەی سەروو و بەشێکی دیکە لە داستان و سەربردەی قوربانییەکانی ئەسید پڕژاندن، پێویستە ئاماژەیەکی کورت بە مێژووی ئەو کارە بێبەزیی و قێزەونانە بکەین.

**کورتەیەک لە مێژووی ئەسید پڕژاندن**

دیاردەی ئەسید پڕژاندن، کە یەکێک لە شێوەی هەر توندو تیژەکانی دژی مرۆڤە. و بەتایبەتی پتر لەسەر جەستە و دەموچاوی ژنان و کچان ئەنجام دەدەری؛ کە هێندێک جار بەداخەوە مەرگیشی لێدەکەوێتەوە. ئەو کردوە چەپەڵە، بۆ چەند سەدە لەوەپێش دەگەڕێتەوە. بەڵام لە ماوەی ١٥٠ ساڵی رابردوودا، پتر کەڵکی لێوەرگیراوە.

ئەسید سۆلفۆریک، ئەسید نیتریک، ئەسید کولۆرئیدریک، و سوودی سوودتێنەر (هێدرۆ ئۆکسیدی کەربۆن)- کە ئەوەی دوای ناچێتە ریزی ئەسیدەکان-، مادەگەلێکی بەکار براوی، ئەسید پڕژاندنن.

تێزاب پڕژاندن پتر لەو وڵاتانە روو دەدەن کە لە بواری پەرەگرتوویی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لە ردەیەکی خواروو دان. و جیاوازی جینسی و توندوتیژی دژی ژنان و منالان زۆرترە. لە وڵاتانی باشووری ئاسیا لە ٥٠ ساڵی رابردوودا، بەداخەوە ئەسید پڕژاندن، پتر باوە.

لە ئەفغانستان- بەتایبەتی لە دەورانی دەسەڵاتی تالیبان کە، قوتابخانەی کچان داخرابوون-، تێزاب پڕژاندن بەسەر و دەموچای کچان و ژنان دا، باو بوو. لە ئێران دا، ٩٥٪ ژنان و کچان قوربانی ئەسید پەژاندنن. بەنگلادیش، هیند، پاکستان، ویتنام، لائۆس، چین و هۆنگ کۆنگ- کە وڵاتێکی سەبەخۆ نییە-، بریتانیا، ئافریقای باشووری، ئۆگاندا، جامائیکا و ئیتیۆپی، رەفتاری هێرشی ئەسیدی زۆرن.

**جۆرەکانی ئەسید پڕژاندن لە ئێران دا**

ئەسید پڕژاندن لە ئێران دا، بە دوو شێوە بەرێوەچوە:

١- کۆمەڵایەتی و مەدەنی

٢- بەرنامە دارێژراو و حکوومەتی



له جۆری یەکەمدا- کە مەبەستی ئەو وتارەیە- توندوتیژی زۆربەی هەرەزۆر بەدژی کچان و ژنانە. ریشەکەی پتر دەگەڕێتەوە بۆ ناکۆکیی کۆمەڵایەتی و بنەماڵەیی، سوننەتگەرایی، پاوانخوازی، نێرسالاری، نایەکسانی، سیستێمی پڕ لە هەڵەی پەروەردەیی و داخراو، دژایەتی تێکەڵاوی منالان و گەورەسالان لە قوتابخانە و زانستگاکان دا. نەبوونی بە ئازادی هەڵبژاردنی ژیانی دوولایەنەی کچان و کوران، ئیزن نەدان بە ئاشنایی و دۆستایەتی پێش زەماوەند، برەو پێدانی دژی جەستەیی ژن و بەخاوەن زانینی لەلایەن پیاو، بەهۆی راونگەی ئیسلامی سیاسی و تەنانەت مەدەنیش- بە پێی کتێب و حدیسەکان- نەبوونی ئابووری سالم و کەمتر ئیزن دان بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان، بۆ کچان و ژنان. یاساکانی نووسراو و نەنووسراوی دەسەلاتداران چ لەنێو ماڵ و چ لە کۆمەلگادا، زۆربەیان بە زیانی ژنان دەشکێنەوە.

با وێنەی چەند قوربانی لە ئێران و هۆیەکانی بێنینەوە، هەتا زۆربەی پێوانەکانی ئاماژە پێکراوی سەرەوومان پتر بۆ دەرکەوێ.

مەهناز کازمی: بەهۆی داخوازی تەلاق لەلایەن هاوسەرەکەیەوە، هێرشی ئەسیدی پێکرا. ئەو ٢١ جار نەشتەگەریی بۆ ئەنجام دراوە. بۆ دروستکردنەوەی کەپۆی یەک مانگ دەستی چەپی بە رووەمەتی- شوێنی کەپۆیەوە- نووسێنرابوو.

ئاغای محەممەد مستەفایی- وەکیلی دادگوستەری-، بەخۆڕایی وەکالەتەکەی وەئەستۆ گرتبوو. ئەو ٣ مانگ دوای رووداوەکە توانی مێردی مەهناز بداتە دادگا. مەهناز پاشان بەشێوەی نەناسراو لە شوێنێکی نهێنی دەژیا.

- ئاغای مستەفایی، بەهۆی پەروەندەگەلی ئیزنی نەدان بە سەنگسار (بەردکوژی) ی ژنان و بەرگری لە ئیعدام نەکردنی منالانی زیندانی خوارووی تەمەن ١٨ ساڵ بانگ کرایە دادستانی بۆ خۆی و هاوسەرەکەی ماوەیەک گیران. پاشان ناچار کران ئێران بەجێ بێڵن و ماوەیەکە لە ولاتی نۆرویژ پەنابەرن. مستەفایی لە نۆرویژ رێکخراوی حاوانەی جیهانی (سازمان مدارای جهانی) دامەزراندوە-

ئامینە بەهرامی: بەهۆی ئەوەی ولامی نەرێنی (نا) ی بە کەسێک داخوازی ببوو گوتوە، تووشی هێرشی ئەسیدی بوە و دوای ١٧ جار عەمەلی جەراحی چاوەکانی و پێستی دەموچاوی لەدەست داوە. نابراو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕادەی خوێندەواری مەهەندیسی ئەلەکترۆنیکە.

سارا: کچێکی تەمەن ٢٦ ساڵە، کابرایەکی ماتۆڕسوار ڕێی پێگرتبوو و ئەسیدی بە دەموچاوی داکردبوو. سارا لە نەخۆشانە بەداخەوە گیانی لەدەست دا. کەسی ماتۆڕسواریش خۆی ون کرد و نەدۆزرایەوە.

داریوش ئیقباڵی – هونەرمەندی دەنگ خۆشی بەناوبانگ-، لە ٢٥ ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٦ دا، ئەسیدی بەدەموچاوی دا، پرژێنرا. خانمێک بەناوی مریەم کە ئەو کارەی ناحەزەی ئەنجام دابوو، دادگا ٦ مانگ زیندانی بۆ بڕیبووەوە. ئەو حوکمە لەکاتێک دابوو کە مریەم پتر لە مانگێک بوو لە زیندان بوو. دوای ٤٨ سەعات ئازاد بوو.

سەید داوود ڕۆشنایی لە ساڵی ١٣٨٤ (٢٠٠٥)، بە دەستی کەسێکی نەناسراو، قوربانی ئەسید پرژاندن بوو.

سومەیە- ژنێکی ئاوایی بەرات ئاوای سەربە شارستانی بەم-، لەگەڵ کچە دوو ساڵ و نیوەکەی، لەلایەن مێردە موعتادەکەی، بوو بە قوربانی ئەسید پرژاندن.

لە ١٣ی خاکەلێوەی ١٣٩١دا، سەید موحسێن مورتەزەوەی، لە دایکبووی ڕەشەممەی ١٣٥٨ (١٩٨٠) لەلایەن یەکێک لە کرێکارانی شوێنی کارەکەی، بەهۆی ئەوەی موزاحیمی تەلەیفونی بووەو و نەورۆزەکەی لێتێکداوە، بە هەڵە، ئەسیدی بە دەم و چاوی داکردوە و ١٦ چەقۆشی لێدابوو. ناوبراو ٦٠ جار نەشتەرگەریی بۆ کراوە، بەڵام بەداخەوە، چاک نابێتەوە.

شیرین کچێکی ١٩ ساڵەیە و لە ١٧ ساڵی تووشی توند و تیژی ئەسیدی بوە. ٢٤ جار عەمەلی جوانکاری بۆ کراوە. بەداخەوە چاوێکی لە دەست داوە. ٦٠ میلیون تمەنی بۆ چەند نشتەرگەریی دیکە دەوێ، کە توانای ماڵی نییە.

داستان و سەربردەی هەموو کچ و ژن و پیاوێکی قوربانی ئەسید پێدا پرژاندراو یا تیرۆری ئەسیدی تا ڕادەیەکی زۆر وەک یەکن. بەڵام چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردن لەسەرەتای ڕووداوەکە هەتا گەیاندنیان بە شوێنێکی دەرمانی بەشێوەی شارەزایی و ناشارەزایی و چۆنییەتی پێڕاگەیشتنیان لە نەخۆشخانەکان دا، دەتوانێ ڕادەی زیان پێگەیشتوویی کەسەکە دیاری بکا.

یاسای سزای ئیسلامی، لە بەرانبەر ئەو جینایەتانە دا بۆ ئەوەی یاساکانی سزای ئیسلامی لە کۆماری ویلایەتی فەقیهی موتڵەقەدا، سەبارەت بەو جینایەتە سامناکانە بزانین، پێویستە داستانی پڕ لە ژانی- وەک هەموو ئەوانی دیکەی-، مەعسومە عەتایی بۆ نموونە بێنینەوە.

مەعسومە دەڵێ: وەک مانگێک بوو لە مێردەکەم جیا ببومەوە. لەگەڵ کوڕەکەم دەژیام. کاری سەرچاککردنی ژنانم دەکرد و تابلۆی نەقاشیشم دەکێشاوە. ژیانێکی ئارام و تاڕادەیەک ئاسوودەمان هەبوو. هێندێک جار لەگەڵ باوکی مێردەکەم لەبەر کوڕەکەم، دەچووینە پارک و پیاسەکردن.

ئێوارەی ٢٣ی ڕەمەزانی ساڵی ١٣٨٩ (٢٠١٠) بوو. چووینە پارک و نانی شەوێمان پێکەوە خوارد. دوای هاتنەوە ماڵ، باپیری منداڵەکەم بانگی کردم و لەبەر دەرگای دەرێ، پێی گوتم: چاوەکانت بچووقێنە شتێکت دەدەمێ. چاوەکانم قووچاند. شتێکی وەک ئاوێی پێداکردم. سووتامەوە. هاوارم کرد. ماڵە باوکم و جیرانەکانمان هاتن. بردیانم بۆ نەخۆشخانە. خەڵاتی ئەو کابرایە، ئەسید بۆ تێکدانی سیمای خۆم و ژیان و دنیای ڕوونم بوو!؟ بۆ وایکرد نازانم. من کێشەیەکم لەگەڵی نەبوو! ژیانمان گۆڕا. – مەعسوومە عەتایی ساڵی١٣٨٧ (٢٠٠٨) لە مێردەکەی جیا ببۆوە. و ساڵێک دواتر تیرۆری ئەسیدی کرا.

نەخۆشخانە و نەشتەرگەری و نیشتەگەری و دیسان و دیسان و دیسان نەشتەرگەری. چاوەکان و پێستی دەموچاوم لەدەست دا. من بە ئارینی کوڕم نەگوتوە، چاوەکانم نابینن. چونکە زۆر جار وێنەکانیم، بۆ دێنێ و نیشانمی دەدا. دەڵێم با نائومیدی نەکەم.

دایکم ژیانی خۆی پتر وەلاناوە، هەتا بە کوڕەکەم ڕابگا. خۆشکە چووکەکەم کە زۆر خولیا و حەزی چوونی زانستگا و ڕشتەی پزشکی بوو. بە نمرەی زۆر باش وەرگیرا. بەڵام لەبەر پێڕاگەیشتن و ئاگا لەمن بوون، نەچوو بۆ زانستگا.

ئەو سووتانە سووتانێکی ئاسایی نییە. لەوانیە ساڵانێکی زۆر لەگەڵم بێ. ئارینی کوڕم زۆر تێکچووە و باری دەروونی باش نییە. لەترسان تووشی شێوە لاڵییەک (لکنت زبان)، بوە. هەستێکی تۆڵە سەندنەوەی لە لا دروست بوە، زۆرم پێناخۆشە وایە.

خزمان، دۆستان، خەڵکی نەناسیاو لە دوور و نزیک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زۆریان یارمەتی ماڵی، فیکری و هاوسۆزییان کردووم. ئاغای خوسرەو شاهی وکالەتەکەی قبووڵ کردم. چەند دکتوری شارەزای سووتمانی و جوانکاری، بێ نۆبە و بێ بەرانبەر دیتویانم و نەشتەرگەرییان بۆ ئەنجام داوم. بەڵام تووش بوونی هێرشی ئەسیدی، ئیمکاناتێکی زۆری ماڵی و پشتیوانی مەعنەوی و ورەبەرزییەکی لە ڕادەبەدەری دەوێ. چارەسەرییەکی ڕێژەیی بەشێک لە دەرد و زامە جەستەیی و دەروونییەکانت سارێژ بن. من هەتا بۆخۆم تووشی ئە ڕووداوە دڵتەزێنە نەبووم؛ نەمدەزانی وەزعەکە چۆنە. بەوحاڵەش پێم وایە: لەوانەیە ژیانێکی دیکەش هەبێ. دنیا هیچ کات کۆتایی نایە.

دوای پێنج مانگ دادگایی دەستی پێکرد. لە یەکەم جەلەسەی دادگادا، کابرای جینایەتکار لەوێ نەبوو. وەکیلەکەی ناردبوو. بیستم بە زەبری پووڵ زەمانەتی ٥٠ میلیۆن تەمەنی، دوای ١٥ ڕۆژ گیران، بەردرابوو.

دوای چەند جار دادگایی، ٥ ساڵ زیندانی و قەساسی چاویان بۆ کابرا دیاری کرد. چونکە ئەو پیاو بوو و بە نان دەری ماڵی حیساب دەکرا و دەبوو ٩٠ میلیۆن تمەنی بدرێتێ، ئەوکات قەساس بکرێ. دیسان چونکە پیاوە، چاوێکی بارتەقای دوو چاوی ژنێکە. ئەو ئێستا ئازادانە دەخولێتەوە و لە شوێنی کریار و فرۆشیاری ماشێن کار دەکا.

جگە لەوەش من بۆ ئەو هەموو زام و دەردانە ٣٣ میلۆن تمەنم دەدەرێتێ. دەبێ ١٢ میلیونی دیەکشی لەسەر دانێم، ئەوکات دەتوانم چاوێکی دەرێنم. پێش ئەو ڕووداوە تاڵەش کە نانهێنەری ماڵێ بووم و بەتەنێ دەژیام و منداڵێکیشم بەخێو دەکرد، حیسابێکی ئەتۆیان بۆ نەکردم.

حوکمی دادگا و جیاوازی ژن و پیاو شتێکی ئەتۆی بۆ من تێدا نەبوو. چاوێک دەرهێنان لە بەرانبەر دوو چاو بەغەدر لێهەستێندراوەکانیشم، چارەی ئەو دیاردە دژی ئینسانییەی کە لە کۆمەڵگا بەداخەوە بەرو زیادبوونە، نییە.

من سەرتا بیرم دەکردەوە، یاسا پشتیوانمە و دەوڵەت یارمەتیم دەدا. بەڵام بەداخەوە هێچکامیان ڕاست دەرنەچوون. ئەوەی سەرباری هەموو دەرد و خەمانە، وەزعییەتی نارووونی ئارینی کوڕمە. دەبێ دوای ٧ ساڵ تەمەن بیدەمەوە بە ماڵە بابی. ئەو کردەوە یانی جارێکی دیکەش چاوەکانم لێدەستیننەوە.

پێنج ساڵ دوای ڕووداوی تێرۆری ئەسیدی مەعسوومە عەتایی، بەبۆنەی مەرگی جێی داخی، سومەیە، قوربانییەکی دیکەی ئەسیدی- لە نەخۆشخانە و وەزعی ئێستای مەعسوومە، لەلایەن دامەزراوەیەک بە ناوی «ڕەحمان»، پێنج شەممۆ ١٥ی گەلاوێژی ١٣٩٤ (٢٠١٥)، کۆبوونەوەیەک لە تاران گیرا.

لەو کۆبوونەوەیەدا، کە ژمارەیەک لە دکتوری جەراح، مافناس، لێکۆلەر و چالاکی کۆمەڵایەتی و سەبارەت بە دیاردەی ئەسیدپڕژاندن، ئامادەبوون. پانێل گەلێکیان لە ژێر ناوی «چاوخشاندنێک بە مەسەلەی ئەسیدپڕژاندن و تێچووەکانی» بەڕێوەبرد. مەعسوومە بەشێک لە دەرد و ئازارەکانی پێنج ساڵەی خۆی باس کرد.

مەعسوومە گوتی: بەهۆی ڕێکخراوێکی مەدەنی و مرۆڤدۆستی، نێردراوەتە ئەمریکا و بۆ ماوەی ٩ مانگ لە ژێرچاوەدێری دکتور دابوە و نەشتەرگەریی بۆ چاوەکانی کراوە. بەڵام بەداخەوە ئاکامێکی ئەوتۆی لێوەدەست نەهاتوە. ئەوە دەڵێ: چونکە ماڵیان لەشارێکی چووکەی نزیک ئیسفەهانە، نەخۆشخانەکەیان، ئامێرێکی زۆر ساکار کە پێستی پشت مژۆڵە پێکەونووساوەکان، لێکدەکاتەوە، نەبوە. هەتا گەیانراوەتە ئیسفەهان ٢ کاتژمێری پێچوە و ئەسید ڕووناکایی چاوەکانی لێئەستاندوە.

مەعسوومە، توانیویە کوڕەکەی لای خۆی بیلێتەوە. لە بەرانبەردا، قەساسی چاوی باپیری نەکردوە و ڕادەی ١٦٠ میلیۆن تمەن لە ١٨٠ میلیۆن دیەکەی کە بۆ هەموو بەشی لەشی زیان دیتووی، وەرگرتبوو، داوە بە «تیرۆریستە میهرەبانەکە»ی.

ئەوەی لەو کۆبوونەوەیەدا، لە بەشێک لە قسەکانی سۆنیا غەفاری لێکۆلەر و تیکۆشەر مافی ژنان دا، هاتوە جێی سەرنجە کە دەڵێ: هەموو ساڵێ پتر لە ١٥٠٠ کەس وەبەر هێرشی ئەسید پرژاندن دەکەون. لێکۆڵینەوەکان نیشانیان داوە کە توندوتیژی ئەسیدی بەشێوەی ئاسایی کاتێک ڕوودەدەن کە ژنان پێشنیارەکانی هاوسەرگیری قبووڵ ناکەن، داهاتەکانیان نادەن بە مێردەکانیان، بەشداری لە کێشەکانی بنەماڵەیی، و بەربەرەکانی لە بەرانبەر تاوانی جینسی و دەستدرێژی دەکەن و....

خانمی غەفاری ئاماژە بە وڵاتانی هیند و بەنگلادیش


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



دەکا کە لە هێنانەخواری ڕێژەی قوربانییەکانی ئەسیدی دا، سەرکەتوو بوون. ئەو پتر ئاماژە بە بەنگلادێش دەکا و وەک وێنەیەک بۆ کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونەکانی دەی‌ێنێتەوە. گۆڕانی یاساکان لە بەرانبەر تاوانی ئەسید پرژاندن، کونترۆل و بڵاوکردنەوەو چۆنییەتی کەڵک وەرگرتن لە هێنان و بردنی ئەسید، بردنەسەری سزا بۆ زیندانی هەتاهەتایی و ئیعدام، پەلەکردن لە ڕەوتی لێکۆڵینەوەکان، یارمەتی دانی پێویستی دەرمانی و زۆر ڕێکاری دیکە بوونە هۆی ئەوە لە ٤٩٦ جار ئەسید پڕژاندن لە ساڵی ٢٠٠٢، بە ١٠٠ جار لە ساڵی ٢٠١٢ دا، کەم بێتەوە.

ناوبراو پێی وایە ڕێکخراوەکانی گەلیش دەتوانن لە کەمکردنەوەی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنەدا، کاریگەریان هەبێ. بۆ وێنە: ڕێکخراوی توندوتیژی ئەسیدی ڕاگیرێ. لەگەڵ کەمپەینی خەبات لەگەڵ ئەسید پڕژاندن دژی ژنان و کۆمەڵە ڕێکخراوەکان (تراست) ی نێونەتەوەیی لەگەڵ قوربانییەکانی توندتێژی ئەسیدی کە کاریگەرترین نیهاد لەوبوارە دان، هاوکاری بکرێ. ئەو ڕێکخراوانە بە ئەنجام دانی کردەوەی پێشگرتن، دیتنەوەی قوربانییەکانی نەناسراو، وەبەرهێنانەوەی توانای قوربانییەکان، دانی یارمەتی ماڵی و پێڕاگەیشتنەکانی یاسایی و ڕاوێژکاری، کاریگەریی زۆریان لەسەر باش بوونی وەزعی قوربانییەکان دەبێ.

بەگشتی کۆمەڵگا و بە تایبەتی خەباتکارانی مەدەنیی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکان، پێویستە سەبارەت بەو دیارە دەزیوە کە بەداخەوە ڕوو لە پەرگرتووییە، هەوڵ بۆ کەم کردنەوەی و نە هێشتنی ئەوە تاوانە دژی مرۆڤانەیە بدەن.

چونکە بەداخەوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە یاسا و زۆربەی هەرە زۆری دەسەڵاتدارەکانی، کەمترخەمی سەرەکی ئەو دیاردە دژی مرۆڤایەتی یەن.

سەرچاوەکان:

**ویکی پێدیای فارسی (دانیشنامەی ئازاد)**

**یووتیووب**

**ماڵپەڕی کوردستان و کورد**

**ماڵپەڕی کوردپا**

**سایتی خەبەر ئانلاین**

**سایتی پارس ناز**

**سایتی گویا نیوز**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ژینگەدۆستی ئەخلاقێکی ئینسانی و نەتەوەییە



کوێستان فتوحی

ژینگەی کوردستان چەند ساڵێکە بە شێوەیەکی بێبەزاییانە لەژێر گڕی ئاگری دەستی مرۆڤەکان خەریکە دەنێژرێ. هەموو ساڵێ لە وەرزی گەرمادا دارستان و لێرەوارەکان و زەوی و زاری بەشێکی زۆر لە کوردستان دەبێتە خوراکی ئاگر و کارەساتی ژینگەیی لێدەکەوێتەوە. یەکێک لە هۆکارەکانی فەوتان و لەنێوچوونی ژینگەی سروشتیی کوردستان، ئەو ئاگر کەوتنەوانەیە، کە زۆریان بە هۆی کەمتەرخەمی خودی خەڵکی کوردستانەوەیە. تاوانباری سەرەکیی ئاگر تێبەردانەکان کێن و کێ دەبێ لە خەمی ژینگەی کوردستاندا بێ؟

هەرکاتێک لە هەر کوێییەکی کوردستان ئاگرکەوتنەوە روودەدا، خێرا قامکی تاوان بۆ لای دوژمنێکی دیار رادەدێردرێ، ئەویش رێژیمی کۆماری ئیسلامییە. دیارە ئەوە حاشای لێ ناکرێ کە ئەو رێژیمە دوژمنی کورد و کوردستانە و هەموو کاتێک بە چاوێکی نادۆستانەوە دەڕوانێتە هەموو پێکهاتەیەکی ئەم نیشتمانە، بۆیە ئەو چاوەڕوانییە بێجێیە کە پێمان وابێ ئەم رێژیمە دڵسۆزانە لەخەمی ژینگەکەیدا دەبێ. بەڵام ئایا خۆمان چەندە خەمخۆر و دۆستی نیشتمانەکەی خۆمانین؟

رەهەندی نیشتمانپەروەری و نیشتمانخۆشەویستی رەهەندێکی بەربڵاوە. یەکێک لەو رەهەندانە پاراستنی ژینگەیە لە لەناوچوون و وێرانی. بە دڵنیاییەوە مرۆڤی نێشتمانپەروەر ئەگەر نیشتمانەکەی بەڕاستی و باوەڕەوە خۆش بوێ، هەموو لایەنەکانی ئەم نیشتمانخۆشەویستییە لە هەست و نەستی دا بەهێزە. تەنانەت ئەو کات و ساتەی کە پاشماوەی سیگارەکەی فڕێ دەدا، دەبێ لە بیری‌دا بێ کە ئەم مسقالە ئاگرە، چ کارەساتێک دەخوڵقێنێ! یان ئەو کاتەی بۆ چێژوەرگرتن و حەسانەوەیەک روو لە سەیرانگەیەک دەکا، دەبێ رێزی ئەو شوێنە بگرێ کە دوای ئەو هاونیشتمانێکی دیکە بەهەمان مەبەست رووی تێدەکا. ئەگەر ئەم دەروەستییە لە هەموو تاکێکی کوردستاندا هەبێ، بەدڵنیاییەوە ئەم کارەساتانەی رۆژانە بەسەر ئەم نیشتمانە دێن، یەکجار زۆر کەمتر دەبوون لەوەی کە ئێستا بەسەری دێ.

بە دەیان جار شاهیدی ئەوە بووین هێندێک لە شوفێرەکان کاتێک سیگارەکەیان لەنێو ماشێن‌دا! دەکێشن، ئاسان پاشماوەکەی لە پەنجەرەی ماشێنەکەیانەوە فڕێ دەدەن بێ ئەوەی ئاوڕ لە دوای خۆیان بدەنەوە! کە ئەم مسقاڵە ئاگرە چ کارەساتێک دەخوڵقێنێ و گیانی چەند بوونەوەری نێو ئەم ژینگەیە دەخاتە مەترسییەوە! یان چۆن سەیرانگا و کانی و ئاوەکان بەجێ دێڵن!

پاراستنی ژینگە ئەرکێکی گشتییە

ئەگەر مرۆڤ هۆکاری سەرەکی پیسبوون و وێرانییەکانی ژینگەیە، هەر مرۆڤیشە دەتوانێ ژینگە لەو کارەساتانە کە بەسەری دێن رزگار بکا. زۆر ئاسانە، ئەویش گرنگیدانە بەو خاڵانەی هەر تاکێک بە نۆرەی خۆی دەبێ یارمەتی بەم پاراستنە بدا.

فڕێدانی زبڵوزاڵ و کەرەسە زیانبەخشەکان بەبێ لەبەرچاوگرتنی زیانەکانی لە ژینگەدا، دەتوانێ چ زیانێکی قەرەبوو نەکراو لە ژینگە بدا و تەنانەت کارەساتی گەورەی لی بکەوێتەوە، کارەساتێک کە ئاکامەکانی دەکرێ بە هاوتای شەڕەکان بەراورد بکرێ. هەموو مرۆڤێکی ئاقڵ و کامڵ دەزانێ بۆ نموونە فڕێدانی کیسەیەک زبڵ و پاشماوە بۆ نێو ئاوی رووبارێک، دەتوانێ گیانی چەندین گیانلەبەری نێو ئەو رووبارە بخاتە مەترسییەوە، یان فڕێدانی پاشماوەی سیگارێک بە ئاورەوە دەتوانێ بە سەدان هێکتار زەویی بسووتێنێ و لەنێو ئەو زەوییەش‌دا گیانی سەدان گیانلەبەری نێو سروشت بخاتە مەترسییەوە. کەوایە پێش ئەوەی قامکی تاوان بۆ لای دوژمنی دەرەکی رادێرین، خەڵکی کوردستان بە پلەی یەکەم بەرپرسە لەئاست زۆر رووداوی دڵتەزێن‌دا کە بەسەر ژینگەی کوردستان دێن.

بۆ ئەوەی لە ئاست کارەساتی وێران بوونی ژینگەی کوردستان‌دا راوەستین و خۆمان رێک بخەین، پێویستمان بە مەرجێکی گرنگ هەیە کە دەبێ لە خۆمان‌دا هەبێ: کەلتووری ژینگەدۆستی و ژینگەپارێزی. بۆخۆمان دەبێ ئەو کەلتوورە لەخۆمان‌دا بەهێز بکەین و ئاگامان لەو ژینگەیە بێ کە تێی‌دا دەژین. ئەوە رەهەندێکی گرنگی پارێزگاری کردنە لە نیشتمان. وشیار بین و بە هۆی کار و کردەوەکانی خۆمان و کەسانی دەوروبەرمان لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕوودانی کارەساتەکانی بەسەر ژینگەی کوردستاندا دێ پارێزگاری بکەین. بەداخەوە کەمن ئەو مرۆڤانەی ئەو مەرجەیان تێدا هەیە، هەر بۆیە بەردەوام گوێمان لەو هەواڵە دڵتەزێنانە دەبێ: ئاویەر ئاگری تێبەربوو، لە لێرەوارەکانی ناوچەی مەریوان ئاگر کەوتنەوە رووی‌دا، لێرەوارەکانی... بانە بووە خۆراکی ئاگر و.....

### ژنان و ژینگە

ژن هۆکاری سەرەکیی راگواستنی کەلتوورەکانە و زۆرترین کاریگەریی لەسەر نەوەکانی داهاتوو هەیە. هیچ قانوونێکی ژینگەپارێزی لەجیهاندا بە تەواوی نەیتوانیوە مرۆڤەکان پابەند بکا بە پاراستنی ژینگە و خۆشەویستیی سروشت. مەگەر ئەوەی مرۆڤ لە منداڵییەوە فێری رێوشوێن و رێساکانی بکرێ. هەر پەروەردە و فێرکردنیشە دەتوانێ مرۆڤەکان پابەند بکا بە قانوونەوە . ژنان نیوەی کۆمەڵگەی جیهان پێک دێنن، کەواتە حاشای لێ ناکرێ رۆڵیان لە پەرەسەندن و پێشکەوتنی کۆمەڵگەکاندا لانیکەم دەتوانێ بە رادەی نیوەکەی دیکە بێ. بەڵام لە بواری ژینگەپارێزی‌دا بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین ژن بە هۆی ئەوەی نەخش و رۆڵی گرنگی لە بەرپرسایەتیی بنەماڵەدا هەیە، زۆر زیاتر لە نیوەکەی دیکە، دەکرێ رۆڵیان لە پاراستن و رێزگرتن لە ژینگەو سروشت و جوانییەکانیدا هەبێ.

ئەوە راستە پاراستنی ژینگە بە بەرنامە و پرۆژەکانی دەسەڵاتی هەر وڵاتێکەوە بەستراوەتەوە، واتە حکوومەتە دەبێ ئەم کەلتوورە دروست بکا و خەڵک لە پاراستنی ژینگە و سروشت و گیانلەبەراندا بەشدار بکا. بەڵام لە وڵاتی ئێمە دەسەڵات ئەو ئەرکە وەک خۆی جێبەجێ ناکا، بۆیە کولتووری سروشتدۆستی و ژینگەپارێزی لە نێو زۆربەی خەڵکی‌دا زۆر لاوازە. رێز گرتن لە ژینگە و سروشت رەوشتێکە کە دەبێ ئینسان هەر لە سەرەتاکانی ژیانییەوە فێر بکرێ تا لە بیر و زەینی‌دا بچەسپێ و ببێ بە باوەڕ. رێوشوێن و رێساکانی پاراستنی ژینگە و ئۆگری و خۆشەویستیی سروشت، ئەگەر لە منداڵییەوە لە بیر و زەینی مرۆڤدا بچەسپێ دەبێتە کلتوور، لە گەورەییش‌دا ئەو مرۆڤە، بەرانبەر بە پارستنی ژینگە و سروشت زیاتر ئەرکدار دەبێ و هەست بە بەرپرسایەتیی لەئاست ژینگەدا دەکا.

منداڵان خۆیان زۆرترین قوربانیانی ژینگەی پیسن، هەر منداڵانیشن باشترین و کاریگەرترین توێژی نێو کۆمەڵگەن بۆ ئەوەی لە رێگای پەروەردە و فێرکردنیانەوە لە داهاتوودا خزمەتی سروشت و ژینگەی وڵاتەکەیان بکەن. لێرە دایە گرنگیی نەخشی ژن لەو بوارەدا دەردەکەوێ. ژن بە هۆی ئەوەی دایکە و بناغەی پەروەردە و دروستکردنی کەلتوور لە لای ئەوەوە دەست پێدەکا، رۆڵێکی گرنگی لە فێرکردن و دروستکردنی کلتووری ژینگەپارێزی و خۆشەویستیی سروشت، لەلای منداڵدا هەیە.



**رێز گرتن لە ژینگە و سروشت رەوشتێکە کە دەبێ ئینسان هەر لە سەرەتاکانی ژیانییەوە فێر بکرێ تا لە بیر و زەینی‌دا بچەسپێ و ببێ بە باوەڕ**

### ئاکام

زۆربەی ئەو کارەسات و بەڵایانەی بەسەر سروشت و ژینگەی کوردستان دێن، دەگەڕێتەوە دوو هۆکار، یەکەم کەمتەرخەمی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە رۆژهەڵاتی کوردستان، دووهەم نائاگایی، کەم ئاگایی و تێنەگەیشتن لە گرنگایەتیی ژینگە لە لایەن خودی خەڵکی کوردستانەوەیە. بۆیە لەم حالەتەدا ئەرکی رێکخراو و چالاکانی ژنان، ژینگەپارێزی و راگەیەنەکانی کوردستانە کە ئەمڕۆ بەشێکی بەدەست حیزبەنەتەوەییەکانەوەیە، پێویستە هەوڵەکانیان لەمبارەیەوە چڕ بکەنەوە و لە رێی تەبلیغات و راگەیاندنەوە، ئەخلاقی ژینگەدۆستی لەنێو خەڵکی کوردستاندا پەرە پێبدەن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



رەزا محەممەدئەمینی

# ژن و کۆمەڵگای پیاو سالار

نزیکەی دوو سەدەیە ژنان، بە تایبەت لە وڵاتە پێشکەوتوەکان بۆ دابین کردنی ماف و ئازادییەکانی خۆیان خەبات دەکەن و لەم سۆنگەیەوە، زۆر دەستکەوتی بە نرخ و بەرچاویان وەدست هێناوە و توانیویانە هەم لە باری فکری و نەزەرییەوە و هەم لە مەیدانی بە کردەوە دا، پاشەکشێ بە کۆمەڵگای پیاوسالار بکەن.

ئەوە کە بۆ تەنیا دوو سەدەیە جووڵانەوەی ماف خوازی ژنان کە بە «فمنیزم» ناسراوە دەستی پێکردوە ومێژوو یەکەی ناگەڕێتەوە بۆ رابردوویەکی دوورتر، پرسیاریکە کە کۆمەڵناسان و چالاکان و پارێزەرانی بواری مافی ژنان، لە روانگەی جۆراوجۆرەوە باسیان لێ کردوە و وڵامیان داوەتەوە؛ بەڵام دەکرێ بڵێین هەموویان لە سەر دوو خاڵی گرینگ کۆکن کە بریتین لە یەکەم : بە درێژایی مێژوو ژنان ستەمیان لێ کراوە و لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری، چەوسێندراونەتەوە و ژنان بەو وەیکە وەک کۆیلەی کار و کۆیلەی جنسی کەڵکیان لێ وەرگیرێ، نارازایی بوون و بیریان لە رزگار بوون و پساندنی زنجیرەی کۆیلەتی کردۆتەوە و ویستویانە هاوشان لە گەڵ پیاوان و وەک یەک بژین؛ نەک وەک کالا سەیر بکرێن و مرۆڤی پاشکۆ بن. کە وا بوو بیرۆکەی «فمینیزم» بە مانای بیری رزگاری ژنان لە پاوانی پیاوان ریشەی لە مێژووی دوور و درێژی چەوسانەوەی ژنان دایە.

دووهەم: لە ماوەی دوو سەدەی رابردوودا و لەگەڵ گەشە سەندنی خێرای سەرمایەداری و شۆرشی پیشەسازی (سەنعەتی) لە وڵاتانی رۆژئاوایی، ژنان هاوشان لەگەڵ پیاوان، وێرای بە رێوەبردنی ئەرکەکانیان لە پێوەندی لە گەل ماڵ و منداڵەکانیان، روویان کارگەو کارخانەکان و بەگشتی لە بازارەکانی کار کردوە و بەشدار بوون لە بەرێوەبردنی ئابووری ماڵەوە. لە لایەکی دیکە نیزامی سەرمایەداری و شۆرشی سەنعەتی و ئامرازە پێشکەوتوەکان لە کارگە و کارخانەکان، ئەو مەجال و دەرەتانەی بۆ ژنان رەخساند کە لە مەیدانی کار دا کەمتر لە پیاوان نەبن و وەک رابردوو، لەو روانگەیەوە کە ژن بێهێز و کەم توانایە، سەیر نەکەرێ. بە تایبەت کە دەکری بڵێین لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی بەم لاوە و بە هۆی گەشەسەندنی ئامرازەکان و شۆڕش لە هەموو بوارەکانی ئابووری و زانستی دا، مەودای نێوان کاری دەستی و کاری فکری زۆر کەم بۆتەوە و ژنان زۆر چالاکتر لە پیاوان بوونیان هەیە و خۆیان دەرخستوە و توانیویانە لە باری ئابوورییەوە، بەرەبەرە خۆیان لە بەستراوە بوون بە پیاوان رزگار بکەن. کە وابوو ئەوە مۆدێرنیتە و نیزامی سرمایەداریە کە بەستێنی سەرهەڵدانی «فمنیزم» و خەباتی ژنان بۆ ماف و ئازادییەکانی ئامادە کردوە و بە کردەوە ئەو بەستێنە لە سەدەکانی رابردوودا بوونی نەبوە.

دیارە کاپیتالیسم و دونیای سەرمایەداری بە خۆشی خۆی و بە بێ خەباتی دوور و درێژی ژنان، ئامادە نەبوە و ویست و داخوازییەکانی ژنان قەبووڵ بکات و ئەوە ژنان بوون کە لە وڵاتەپێشکەوتوەکان توانیان بەرەبەرە پاشەکشە بە کۆمەڵگای پیاو سالار بکەن. خەباتی ژنان لە سەرەتا دا زۆرتر لە چوارچێوەی مافە ئابوورییەکان دابوو؛ بۆ وێنە خەبات بۆ وەرگرتنی حەق دەستی یەکسان لە گەڵ پیاوان بۆ کاری هاوشێوە، وەرگرتنی مورەخەسی بە حقوقەوە لە کاتی منداڵ بوون و حەقی بیمەی پەک کەوتن لەسەر کار و نەخۆشکەوتن پاش دەستەبەرکردنی ئەو مافانەیە کە خەباتی ژنان ڕوو لە بوارەکانی دیکە دەکاو پەرە دەستێنی. بەشدار بوون لە سیاسەت و هەبوونی مافی دەنگ دان و خۆکاندیدا کردن، پێک هێنانی رێکخراوی داکۆکی کار لەمافی ژنان و حەقی تەڵاق و بەگشتی زۆر ویست و داواکاری دیکە کە ژنان توانیویانە وە دەستی بێنن و تەنانەت وەک یاسا لە قانوونی وڵاتان دا بیگونجێنن.

شک لەوەدا نییە  ئەو خەباتە بە پێی پێشکەوتوویی ئابووری و کۆمەڵایەتی و عەقڵیەتی زاڵ بە سەر کۆمەڵگا دا کە خۆی لە فەرهەنگ و داب و نەریتەکان و ئایین دا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



دەبینێتەوە، دەسکەوتی یەکسانی نەبوە و ناکرێ وەک یەک سەیر بکرێ. بۆ وێنە کاتیک لە ٨ی مارسی ١٨٧٥ ژنانی کریکار لە شاری نیویورک دێنە سەر شەقامەکان و داوای زیاد کردنی حەقدەستەکانیان دەکەن، لە وڵاتانی دواکەوتووی وەک  ئێران و کوردستان ژنان لە ژێر چارشێو وعەبای ڕەش دا لەو پەڕی بێسەوادی و بێ دەرەتانی دا دەژیان. دیارە ئەوە تاوانی ژنان نییە و بارو دۆخی پیاوانیش لە ژنان زۆر باشتر نەبووەو بە گشتی کۆمەڵگاکە دواکەوتوو بووە. بەڵام بەوحاڵەش دەبێ لە بیرمان نەچێ ئەوە خەباتی ژنانی وڵاتانی پێشکەوتوو بوو کە ئەودەسکەوتە بە نرخانەی کرد بە دیاری بۆ هەموو ژنانی جیهان و تابۆ و ئەقلیەتی پیاوسالارییان شکاند و ڕێخۆشکەر بوون بۆ هاتنە مەیدانی ژنان لە هەموو بوارەکاندا.

لە ئێران و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دا، بە تایبەت لەدوای شۆرشی گەلانی ئێران، ژنان ڕۆڵ و کاریگەری خۆیان هەبوە بەڵام ئەو ڕۆڵ و کاریگەرییانە، بەداخەوە لە بەر بوونی دەسەڵاتی سەرەڕۆ و دژی گەلی کۆماری ئیسلامیی نەک هەر بە ئاکام نەگەیشتوون، بەڵکوو وەک هەموو بوارەکانی دیکە لە پاشەکشی دابوون. زۆربەی هەرەزۆری ئەو مافانەی کە لە قانوونی بنەرەتی ڕژیمی پەهلەوی لە پیوەند لەگەڵ ژنان دا هاتبوون و دەکرێ بڵێن وەک مافی تاکەکەسی ژنان زۆر گونجاوو پێشکەوتوو بوون، لە دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی جێی خۆیان دابە دواکەوتووترین یاساکان و ژنانی ئێرانی گەڕاندەوە چاخەکانی ناوەڕاست و هەموو ماف و ئازادییەکانی لێ زەوت کردن. لە بە ئیجبار کردنی چارشێو و حیجاب رابگرە، هەتا کێشەی میرات و دیە و خوێن بایی و شێوەی تەڵاق و سەرپەرشتی منداڵان و تەنانەت جوودا کردنەوەی بەشەکانی خوێندن لە زانکۆ و زانستگاکان و زۆر شتی دیکە، هەمووی بە زیانی ژنان و مافەکانیان شکایەوە و بنەماکانی کۆمەڵگای پیاوسالاری ئاوێتەی ئیسلامی سیاسی کراوە و زۆر پتەوتر لە پێشوو دەرکەوتوە.

دیارە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش وەک بەشێک لە ئێران، بارودۆخی ژنان زۆر خراپترە و داب و نەریتە دواکەوتووکان زۆر زەقن و بوونەتە هۆی زیاد بوونی دیاردەی دزێوی کوشتنی ژنان بۆ کرینەوەی «شەرەف» و خۆ کوژی و خۆسووتاندنی ژنان. جگە لەوش، توندوتیژی دژی ژنان لە بەر ئەو مەجالە یاساییانە کە لە یاساکانی کۆماری ئیسلامیی، لە پەیوەندی لەگەڵ ژنان دا هاتوە،  «قانوونمەند» کراوە. واتە کوشتنی ژنان بە هۆی بە ناو «شەڕەف» تاوانێکە کە تەنانەت ئەگەر سزاشی هەبێ، زۆر سزایەکی سووکە. لە ماوەی ٦ مانگی رابردوودا ڕێژەی کوشتنی ژنان و خۆسوتاندن و خۆکوژی لە ئوستانەکانی ئیلام و کرماشان رووی لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زیادبوون کردوە و لاپەڕەی ڕۆژنامەکان و هەروەها سایتە هەواڵنێرییەکان بەردەوام باس لەو دیاردە کۆمەڵایەتی‌یە دەکەن.

ئەوە کە لە کۆمەڵگای پیاو سالاری وەک ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، دیاردەی توند و تیژی دژی ژنان و کچان زۆرە و بە داخەوە وەک مرۆڤی دەرەجە دوو و وەک کالایەک سەیریان دەکرێ، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو جۆرە کۆمەڵگایانەیەو زۆر جێی سەرسورمان نییە، بەڵام ئەوەیکە خودی ژنان دێن و بە عەقلیەتی پیاوان، هاورە گەزەکانی خۆیان (خوشکیان ، کچیان...) دەچەوسێننەوە و دەبنە هۆی ڕووداني توند و تیژی وکوشت و برین، جێی داخ و سەرسورمانە. هەر بۆیەش ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ لە چەند مەیدانەوە خەبات بکەن، خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامیی، وەک تاکیکی کورد و وەک ژن کە زیاتر لە پیاوان لە لایەن رژیمەوە گوشاریان لەسەرە؛ خەبات لەگەڵ عەقلیەتی پیاوسالاری لە کۆمەڵگا دا کە پیاوان و ژنانی بە جەستە ژن و بە تێڕوانینی پیاوانە، نوێنەرایەتی دەکەن و خەبات بۆ خۆپێگەیاندن لە بواری دەرسیی و زانستییەکان و چوونە ناو بازاڕی کار و ڕەقابەت لەگەڵ ڕەگەزی نێرینە بۆ دەستەبەرکردنی کار و ...

کێشە کۆمەڵایەتی‌یەکان و گرفتە ئابوورییەکان کە کۆمەڵانی زەحمەتکێشی ڕۆژهەڵات بەدەستی‌یەوە دەناڵێنن، کاردانەوەی زۆر خراپی لەسەر بنەماڵەی کوردی کردوە و بۆتە هۆی لێکترازان و هەڵوەشانەوەی بنەماڵەکان و ڕێژەی تەڵاقی بەرز کردۆتەوە و ئەمەش خۆی لە خۆی دا زۆر دیاردەی ناڵە باری کۆمەڵایەتی وەک ئالودە بوون بە مەوادی موخەدیر و ئەلکۆل و پەرە ساندنی دزیی و ڕاو و ڕووت و تەنانەت لەش فرۆشی لێ کەوتوتەوە. جێی خۆیەتی بڵێین تەنانەت ئەو بنەماڵانەی لە تاراوگە و لە دەرەوەی وڵاتن و وەک پنابەر وەرگیراون و ساڵانێکە لەوێ نیشتەجێن، توشی لێکترازان دەبن و ژن و پیاو لێک جوودا دەبنەوە، هۆیەکشی ئەوەیە، پیاوکە بە عەقلییەتی کوردەواری و پیاوسالاری بەتەمایە لە دەرەوەی وڵاتیش لە بنەماڵەدا هەڵسووکەوت بکات و هاوسەرەکەشی کە لە کوردستاندا بەردەوام لە ژێر گوشاری بنەماڵە و کۆمەڵێ پیاوسالار و خەفەقانی هەمەلایەنەی ڕێژیم لە ناوخۆدا بووە، لەو ماف و ئازادیانەی کە بۆ ژنان دەستەبەر کراوە و ڕەنگە

**چالاکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە ڕاستیدا وەک ڕێکخراوێک کە لە سەردەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزراوە، ڕێک لە گەڵ کاروتێکۆشانی حیزب هاوتەریب بووە، هەرکات مەجال و دەرەتانی تێکۆشانی حیزب فەراهەم بووە، ئەم ڕێکخراوەش چالاک بووە و هەرکات حیزب بە هەر هۆیەک چالاکییەکانی بەرتەسک کراوەتەوە، یەکیەتی ژنانیش دەنگی کپ بووە. ئەمە خۆی لە خۆیدا ڕەنگە گەورەترین و بەرچاوترین خاڵی لاوازی ژنان و ڕێکخراوەکەیان بێ**

زۆریش لە گەڵ تەنانەت نەریتە جوانەکانی کوردەواریش هاوتەریب نەبن، کەڵک وەرگرێ بە بێ لە بەرچاوگرتنی تایبەتمەندییەکانی نەرێنی ئەو فەرهەنگ و کلتوورە.

ژنان لە کوردستاندا وێرای ستەمی جنسیی کە بەرۆکی هەموویانی گرتۆتەوە و ناچارن تەحەمولی بکەن، وەک تاکی کورد و بەشێک لە نەتەوەی کورد لە گەڵ ستەمی نەتەوایەتیش بەرەورووون و دەکرێ بڵێین لەوبارەشەوە زیاتر لە ڕەگەزی نێرینە لە ژێر گوشار و ستەمدان، هەربۆیەش ژنانی کوردستان لە ماوەی ٧٠ساڵی ڕابردوو، کە لە تەمەنی حیزبی دێموکرات تێدەپەڕی و بەتایبەت لە دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، لە بواری سیاسی و خەباتی نەتەوایەتیشدا چالاک بوون و ڕێکخراوی تایبەت بە خۆیان هەبووە، و هەر ئێستاش ئەو ڕێکخراوە لە ژێر ناوی « یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان»دا چالاکە.

چالاکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە ڕاستیدا وەک ڕێکخراوێک کە لە سەردەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزراوە، ڕێک لە گەڵ کاروتێکۆشانی حیزب هاوتەریب بووە، هەرکات مەجال و دەرەتانی تێکۆشانی حیزب فەراهەم بووە، ئەم ڕێکخراوەش چالاک بووە و هەرکات حیزب بە هەر هۆیەک چالاکییەکانی بەرتەسک کراوەتەوە، یەکیەتی ژنانیش دەنگی کپ بووە. ئەمە خۆی لە خۆیدا ڕەنگە گەورەترین و بەرچاوترین خاڵی لاوازی ژنان و ڕێکخراوەکەیان بێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



دیاره حیزبی دێموکرات و یەکیەتیی ژنان لە ماوەی کورتی دەسەڵاتی حیزب لە چەند ساڵی دوای شۆڕشی گەلانی ئێراندا کاری زۆر باش و جێی ڕێزیان لە بواری مافی ژنان دا کرد و هەر لە جێدا ئەوە شانازییەکی گەورەیە بۆ حیزبی دێموکرات کە کە ڕێخۆشکەر بووە بۆ بەشداری ژنان لە پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان. بەربەرەکانی لەگەڵ زۆر لە دیاردە دواکەوتووەکانی کۆمەڵ وەک، ژن بە ژنە، گەورە بە بچووک و بەرگری کردن لە مافی ژنان و کچان بۆ بەردەوام بوون لە خوێندن و بە گشتی زۆر کاری دیکە لەو شانازییانەن کە حیزبی دێموکرات و یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بۆ خۆیان تۆمار کردوە.

بەڵام لەڕاستیدا چالاکی و خەباتی ژنان لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی، چ لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و چ لە ناو یەکیەتیی ژناندا زۆر لە ئاستێکی بەرز دا نەبوە؛ بۆ وێنە ڕێژەی ژنان لەناو ڕیزەکانی حیزب و یەکیەتیی ژنان دا زۆر کەمە. بەپێی ئاماری بەشی شەهیدانی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی حیزب، لەو چەندهەزار شەهیدەی گەلەکەمان وحیزبی دێموکرات کە لە خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامی داویەتی، تەنیا ٢٨ کەسیان لە ژن وکچەکان بوون، ئەوە نیشان دەدا کە ژنان زۆر کەمتر لە پیاوان لە خەباتی نەتەوەییدا بەشدار بوون و لە ڕاستیدا جێی ڕەخنەلێگرتنن. شک لەوە دانییە زۆر بەربەست هەبووە لە سەر ڕێی ژنان بۆ بەشداری کردن لە خەبات لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا کە یەک لەوان عەقڵییەتی زاڵ بەسەر کۆمەڵگەی کوردەواری، واتە پیاوسالارییە، کە حیزبی دێموکراتیش وەک ئاوێنەی بالانوێنی ئەم کۆمەڵگەیە لەو عەقڵییەتە بێبەری نەبووە. بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەو ڕاستییە هیچ چەشنە پاساوێکی بۆ ئەکتیڤ نەبوونی ژنان لە ڕەوتی خەباتی نەتەوەییدا تێدانییە و دیسان دووپاتی دەکەمەوە کە ژنان لەم بارەیەوە جێی ڕەخنەن.

لە کۆتایی ئەم نووسراوەیەدا دەڵێم زۆر بەداخم بۆ بارو دۆخی نالەباری ژنانی وڵاتەکەمان وهەموو ژنانی وڵاتانی دواکەوتووی سەر گۆی زەوی. بەداخم لەبەر ئەوەی کە ماف و ئازادییەکانی ژنان و جووڵانەوە «فمینیزم» لە وڵاتانی پێشکەوتوو زۆر دەسکەوتی بەنرخی بۆ ژنان دەستەبەر کردوە، بەڵام لە وڵاتی بەلالیدراوی ئێمە و بەگشتی وڵاتانی ئیسلامی، ژنان دەبێ بۆ ئازادییە سەرەتاییەکانی وەک ئازادی لە پۆشینی جل و بەرگ خەبات بکەن.

بەهیوای دوا ڕۆژێکی ڕووناک بۆ ژنان و بۆ نەتەوە بندەستەکەمان.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هەستیار بوونی
# قۆناغەکانی ژیانی هەرزەکار



عیسمەت نستانی

سەرەتا: قۆناغی هەرزەکاری بە قۆناغێک لە قۆناغەکانی ژیانی هەر مرۆڤێک دادەنرێ، ئەو قۆناغەش دەکەوێتە تەمەنی منداڵی و سەرەتای تەمەنی گەنجییەوە.

هەرزەکار بەشێکی زۆری کۆمەڵگا پێک دێنێ و پێویستە گرینگی زۆری پێ بدرێ و چارەسەری گیرو گرفتەکانی بکرێ، چونکە ئەو چینە لە کۆمەڵگا داهاتووی کۆمەڵگا دروست دەکەن.

هەرزەکار لەگەڵ گیرو گرفتی زۆر ڕووبەڕوو دەبێ و تووشی تەنگاوی و پەشێوی دەکا.

مەسەلەی هەرزەکار سەرنجی زۆری زانا و توێژەرانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، لە وانەیە ئەرەستو و ئەفلاتوون، ئەوان زۆربەی کاتەکانی خۆیان تەرخان کردوە بۆ بیر کردنەوە لەو توێژەی کۆمەڵگە.

پێناسەی زۆر بۆ هەرزەکار کراوە وەک ئەوەی هەرزەکار کەسێکە کاتێک لەو قۆناغەی تەمەنی خۆیدا لە بەرامبەر کۆمەڵێک گۆڕانکاری گشتگیر و پڕاوپڕ خێرا دەبێتەوە،

ئەگەر چوار دەوری لە پرۆسەی پێگەیاندنن یارمەتی نەدەن تووشی زۆر گرفت و ئاریشە دەبێتەوە .

قۆناغی هەرزەکاری قۆناغێکی هەستیارو گرینگە بە هۆی ئەو گۆڕانکاریانەی لە ژیانیدا لە لایەنە جەستەیی، عەقڵی، دەروونی و کۆمەڵایەتی ڕوودەدات.

زانای دەروونناسی بە ناوبانگی «ستانلی هوولە» ئەو قۆناغە دادەنێ بە قۆناغێکی پڕ لە تەنگانە و ململانێ و شەپۆل لە ژیانی تاکدا.

## گۆڕانکارییەکانی قۆناغی هەرزەکاری:

گۆڕانکارییەکانی قۆناغی هەرزەکاری، چەندین قۆناغ لە خۆ دەگرێ. گرینکترین ئەو گۆڕانکارییانەش ئەوانەن کە بە کورتی لێرە باسی چەند قۆناغ دەکەین.

-گۆڕانکاریە ئەندامیەکان، گەشەی فسیۆلۆژی و گەشەی جەستە لە خۆ دەگرێ.

-فسیۆلۆژیەکان، گەشە کردنی جەستەو پێگەیشتنی ئەندامەکانی زاوزێ و هتد... کە ئەو بەشە نیشانەکانی لە « ١١ بۆ ١٢» و لەوانەیە لە هێندێک دا « ٨ بۆ ٩» یان لە وانەیە دوا بکەوێ بۆ «١٦ بۆ ١٨» ساڵی کە ئەوەش چەندین هۆکاری وەک بۆ ماوەیی، شوێن، لەوانەیە لە شارێکەوە و لە لادێ زووتر بێ، ڕادەی زیرەکی، جۆر و چۆنیەتی خواردن کە کەمی خواردن و هەژاری هۆکارە بۆ دواکەوتنی گەشە، ئاو و هەوا لە ناوچەی سارد زووتر گەشە دەکا تا ناوچەی گەرم، بەرەوپێشچوونی زانستی پزشکی و تێکنۆلۆژی و ڕادەی کرانەوەو داخراوی کۆمەڵگاش ڕۆڵی خۆی دەبینێ. ئەو گۆڕانکارییە جەستەییە، هەرزەکار تووشی زۆر گیر و گرفت دەکا، بۆیە دەبێ خێزان، خوێندنگا، و کۆمەڵگا لەم ڕووەوە زانیاری بدەنە هەرزەکار و دەبێ دایکان و باوکان کارێکی وەها بکەن کە متمانەیان پێ بکەن و بە موسبەت وەڵامی پرسیارەکانیان بدەنەوە .

زۆر جار هەرزەکار لە ئەنجامی نووشست هێنان لە خوێندن تووشی حاڵەتی وەک خەوزڕان، ئارەزوو نەکردنی خواردن، سەرئێشە، و هەستیار بوون و ......هتد دەبێ، بۆیە دەبێ هاوکار و هاودەمی بین و چارەسەری کێشەکانی بکەین.

## _گۆڕانکارییە جەستەییەکان:

ئەو گۆڕانکاریانە نە تەنیا خودی هەرزەکار بەڵکوو کۆمەڵگا و خێزانیش و خوێندنگاش هەستی پێ دەکەن. چونکە هەرزەکار لە قوتابخانەدا تووشی دڵەڕاوکێ و نائارامی و هێندێ جاریش تووشی نەخۆشی دەروونی دەبێ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی کەم دەکات و گۆڕان لە هەڵسوکەوت و بیروبۆچوونی بەرامبەر بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org





خۆی و کۆمەڵگا و دەورووبەری بەدی دەکریَ. ئەو گۆڕانکاریە لە زگی دایکی دەست پیَ دەکا، ماوەی ٩ مانگی بەردەوام دەبیَ تا دایەنگەو وردە وردە خاو دەبێتەوە، هەتا تەمەنی منداڵی لە ماوەی ١٠ بۆ ١٢ ساڵی زیاد دەکاتەوە کە ماوەی ٢ بۆ ٣ ساڵ دەخایەنێت. کە ئەوە لە نێوان ڕەگەزی نێر و میَ جیاوازی هەیە لە میَ دا (٩ بۆ ١٤) پاشان هێواش دەبێتەوە و تا تەمەنی١٨ ساڵی بەردەوام دەبیَ.

لە ڕەگەزی نێر دا (١٢بۆ١٦) و لە چاردە ساڵ دەگاتە لوتکە پاشان هێواش دەبێتەوە و تا تەمەنی ٢٠ ساڵی واتە نیشانەکانی گەشەی جەستە لە میَ دا زووتر لە نێر و زووتریش کۆتایی دیَ. لەو قۆناغە دا هەرزە کار گرینگی زۆر بە جەستەی دەدا و هەوڵ دەدات لایەنە باشەکانی دەر بخات و لایەنە خراپەکانیشی بشارێتەوە، هەروەها گرنگی بە قسەی خۆی دەدات و خۆی لەگەڵ هەموو هاوتەمەنەکانی بەراورد دەکات، کاتێک هەست بە شتێکی ناپەسەند دەکات دڵ تەنگ و نیگەران دەبیَ، لێرەدا ڕۆڵی خێزان دەردەکەویَ لە ئاراستەکردن و ئامووژگاری کردنی هەرزەکار بۆ ئەوەی لەگەڵ یەو بار و دوخە تازەیە دا بگونجیَ.

**گۆرانکارییە ئەقلییەکان:**

کۆمەڵێک هۆکار هەن کە ڕێگە دەگرن لە بەردەم گەشەی ئەقلی هەرزەکار وەک: شارستانییەت، واتە تا کۆمەڵگا پێشکەوتوو بیَ لایەنی ڕۆشنبیری هەرزەکار زیاتر دەبیَ. گوێ نەدان و خراپ مامەلە کردن لەگەڵ هەرزەکار، پەروەردەی درووست دەبێتە هۆی گەشە لە هەموو لایەنەکانی جەستەیی و دەروونی و ئەقلی و....هتد.

بەڵام گوێ پیَ نەدان پێچەوانەی ئەوەیە. کەواتە پێویستە لە سەر خێزان و خوێندنگا شارەزایی حەز و ئارەزوو و پاڵنەر و پێداویستی و هێز و توانا جەستەیی و ئەقلییەکانی هەرزەکار بن.

گۆرانکارییە دەروونی و هەلچوونەکان: گۆرانکارییە فسیۆلۆژی و دەروونییە کان کاریگەری زۆر دەکاتە سەر لایەنی دەروونی و هەلچوونەکانی و مرۆڤ تووشی کۆمەڵێک کێشە دەکا، بۆیە دەبیَ زۆر بە وردی و زانستیانە و بە پلان و بەرنامە لەم ڕووەوە لەگەڵ هەرزەکار مامڵە بکریَ، چونکە ئەو قۆناغە بە قۆناغێکی هەستیار و مەترسیدار دادەنریَ. ئەو قۆناغە هەستیارە هەڵقوڵاوی هەست و سوزەکانی ناوەوەی هەرزەکار و کۆمەڵێک سفات و تایبەتمندی دەروونی هەیە وەکوو، یاغی بوونی بیَ هووکار، هەڵچوونی بەردەوام، نوقم بوون لە جیهانی ذووق و خیاڵ وخەمۆکی و....هستد.

کە لەو قۆناغە دا هەرزەکار توانای زاڵ بوون بە سەر هەڵچوونەکانی دا ناهێنیَ، ئەوەش دەگرێتەوە بۆ ئەو گوورانکارییە خراپانەی بە سەر هەرزەکار دادیَ، بۆ نمونە هەرزەکار لەو حاڵەتەدا لە کاتی خۆشی قسەی نارێک و پێک دەکا و لە کاتی هەست پیَ کردن بە ناخۆشی لە ڕێگای قیژە و شت شکاندن دەری دەبریَ. دیارە هۆکارە گەلَی دیکەش هەن وەک ئەوەی هەرزەکار توانای خۆ گۆجاندنی لەگەڵ ئەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

 

**دەبێ خێزان و خوێندنگا و کۆمەڵگا لە ئاراستە کردنی بە پەروەردەیەکی دروست ڕێرەوەی ژیان پێشانی هەرزەکار بدەن و هاوکار و هاودەمی بن بۆ ئەوەی نەوەیەکی ساخ و تەندروست پێشکەش بە کۆمەڵگا بکەن**

ژینگەیەی نیە کە تیدا دەژی، کە بە داخەوە زۆر جار خێزان باوەری پێی ناکا. یان زۆر جار لە سەر بە خۆیی بە تایبەت لە سەر بە خۆیی ئابووری بێ بەشی دەکا زۆر جار خێزان هەرزەکار بە گەورە دەزانێ و چاوەڕوانی وەهای لێ دەکەن کە لە توانای دا نیە کە ئەوەش دەبێتە هۆی شکست هێنان و لە دواییش دا تووشی یاغی بوون لە دەسەڵاتی خێزان و خوێندنگا و کۆمەڵگادەبێ، بۆیە دەبێ خێزان و کۆمەڵگا و خوێندنگا ڕۆلی ڕاستەقینەی خۆی بگیرێ.

**گورانکارییە کۆمەڵایەتییەکان:**

ئەو گۆڕانکاریانەی لە ژیانی هەرزەکار دا گرینگە چوونکوو هەرزەکار لەو قۆناغە دا گۆڕانکاری بە سەر تێر ڕوانین و بیرو بۆ چوونەکانی دادێ و زیاتر لە دەوروبەری تێدەگا و مەودای ڕوشنبیری زیاتر دەبێ و زیاتر پێویستی بە ژینگەی دەرەکی هەیە و بواری پەیوەندی کۆمەڵایەتی فراوان تر دەبێ کە ئەوەش چەندین تایبەت مەندی هەیە وەک ئەوەی هەرزەکار هەوڵی جیابوونەوەی و سەر بە خۆیی بوون لە خێزان دەدات و بۆ چارە سەری گیر و گرفتەکانی پشت بە خۆی دەبەستی کە ئەوەش کەسیەتی هەرزەکار لە لایەنی ڕەفتار و سوزداری، ڕوشنبیری و فیکری پتەو دەکا و لە بەرامبەر نهێنەکانی هاوڕێکانی هەست بە لێپسراوەیەتی دەکا. بۆیە تێگەیشتنی خێزان و خوێندنگا و کۆمەڵگا لە هەرزەکار یارمەتی دەدات بۆ ئەوەی زیاتر متمانەی بە خۆدی خۆی هەبێ کە ئەوەش پروسەی گونجاندنی کومەڵایەتی بۆ ئاسان دەکات.

کەواتە دەتوانیین بڵیین قۆناغی هەرزەکار بریتی یە لە قۆناغی ترس و دڵە ڕاوکێ زۆر و بەردەوام کە دڵ و دەروون داگیر دەکا و تووشی گرفتی تەندرووستی، هەست کردن بە ماندوو بوون، تێکچوونی دەم و چاو، هەست کردن بە کەمی و نەبوونی توانا لەوە ئەستوو گرتنی لێپسراویەتی، نەبوونی متمانە بە خۆ، لادان و تاوان،گرفتی ئەخلاقی، گرفتی خوێندن و ئیش و کار و....هتد دەبێ.

بۆیە دەبێ خێزان و خوێندنگا و کۆمەڵگا لە ئاراستە کردنی بە پەروەردەیەکی دروست ڕێرەوەی ژیان پێشانی هەرزەکار بدەن و هاوکار و هاودەمی بن بۆ ئەوەی نەوەیەکی ساخ و تەندروست پێشکەش بە کۆمەڵگا بکەن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# کچە قوتابییەکانی ئەمڕۆ، ژنە چەوساوەکانی سبەی کۆمەڵگە!

مینا سوڵتانزادە

ئەگەر سەیری مێژووی ئەم جیهانە بکەین، سەدان بەربەستی جۆراوجۆر دەبینین کە هەر یەکەو بە جۆرێک ژنانی پێدەچەوسێنرێتەوە و رەگەزی مێینە هەر لەو ساتەی لەدایک دەبێ تا ئەو ساتەی ماڵئاوایی لە ژیان دەکا لەگەڵ بەربەستی ئایین و کلتوری ئەم کۆمەڵگە نگریسە بەرەورووە دەبێتەوە و داب و نەریت هەموو شێوەیەک دەستی لە بینەقاقای ناوە.

ئەمساڵیش خوێندن دەستی پێکرد، بەڵام بۆ رەگەزی مێینە تەنیا قانوونێک هەیە بۆ خوێندن، ئەویش هەر لە تەمەنی ٧ ساڵییەوە، واتە لە پۆلی یەکی سەرەتاییەوە بە بیانووی «شەرع و ئیسلام و ئایین و گوناحەو...» لە رەگەزی بەرامبەریان جیا دەکەنەوە و دیوارێک لە نێوانیان دا هەڵدەچنن کە هەر روژەو بە بڕیارێکی ئیسلام و بە بیانووی جۆراوجۆر بستێکی بەرز دەکەنەوە کە ئەو نەریت و قانوونی جیاکرنەوەی کچان و کوڕان لە یەکتر، بەبێ ڕەچاوی هیچ پرنسیپ و ئوسوولێکی زانستی و تاقیکردنەوە، دواجار بە دەیان کێشەی روحی و لێکنامۆ بوونی لێدەکەوێتەوە.

لە هێندێک شارو دێهاتەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی نەبوونی مامۆستای ژن، کچانی منداڵ لە خوێندن بێبەش دەکرێن و ئەوەش بیانوویەکی دیکەیە بۆ نەخوێندەواری ژنان و کچان و دوور کردنەوەیان لە مافەکانیان و زاڵبوونی کۆمەڵگەی پیاوسالار بەسەریان‌دا و لە سەدەی ٢١ کە دنیا بە چرکە لەحاڵی گەشەکردن دایە ژنان و کچانی ئێران دەبێ لەگەڵ نەخوێندەواری بەرەوڕوو ببنەوە.

ئاکامی بەربەستەکانی بەر خوێندنی کچان و ژنان لە ئاستە جۆراوجۆرەکانی خوێندن و بە هۆی بیانووی پڕوپووچ و لە بڕاننەهاتووی فەرهەنگی و قانوونی... تەنیا توێژی مێینە ناگرێتە بەرسیلەی زەرەر و زیان، ئەگەرچی دیسانیش هەر زەرەرمەندی یەکەم ژنانن، بەڵام لێرەدا کۆمەڵگەش تووشی داوەشان و چەقبەستوویی دەبێ.





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



کۆماری ئیسلامی، ئایینی ئیسلامی کردۆتە گۆپاڵێک و لەگەڵ هەناسەهەڵکێشانی ژنان لەسەریان رادەکێشێ و وشیاریان دەکاتەوە کە بەپێی شەرعی ئیسلام ژن نابێ وەک مرۆڤ بژی و جیاوازییەک هەیە لەنێوان ژن و مرۆڤبووندا. بەپێی شەرعی ئیسلام نابێ کوڕان و کچان پێکەوە لە پۆلێکدا بخوێنن و لە کەمترین تەمەن دا ڕەگەزەکان لێکجیا دەکاتەوە و بەوشێوەیە هەم زیاتر پەرە بە دنیای پیاوسالار دەداو هەم بە ئامانجەکانی خۆی دەگا.

ئەگەرچی ژنان بەهەر شێوەیەک بێ مافی کارکردن لە دەرەوەی ماڵەکانیان ئەستاندوە، بەڵام لێرەشدا قانوونی کارکردنیان بۆ دانراوە، بەو شێوەیە کە «حەقیان هەیە لە دەرەوەی ماڵەکانیان کار بکەن، بەڵام حەقدەستیان بەپێی حیجابەکەیان دەدرێتێ، واتە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی میتراژێکیان بەدەستەوە گرتووە بەپێی کورتی و درێژی جلوبەرگەکانیان حەقدەستی کار بە ژنان دەدەن».

بەستنەوەی بەکەڵکبوونی کاری مرۆڤ بە چۆنیەتی پۆشینی جل و بەرگ و سەپاندنی کۆمەڵە هەڵسووکەوتێک کە هیچ پێوەندی بە ئاستی ڕێژەی کارکردنەوە نییە لە بیرو فکرێکی دواکەوتووانەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئەویش هەر بۆ کشاندنەوەی ژنان لە مەیدانی کارکردن دایە.

ئەسیدپرژاندن بەسەر روخساری کچان و ژنان لەلایەن پیاوە ڕەشبینەکانی کۆمەڵگەی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆتە هۆی سەقەت کردنی جەستەو روحی ژن و برینێکە هەرگیز سارێژ نابێتەوەو هەموو چرکەساتەکانی ژیانی لە ژنان کردۆتە دۆزەخ.

کوشتنی ژنان بە بیانووی پاراستنی شەرەف و کەرامەتێک کە هەر خودی پیاوان دەبنە هۆکاری شکاندنی یەکێکی تر لەو ستەمانەیە کە هەرگیز کۆتایی نایە و کۆمەڵگە و پیاوانی یاساداڕێژ بەڕەوای دەزانن.

دنیای ژنان پڕە لە کێشەی جۆراو جۆر و پیاوان هەر ڕۆژەو بەشێوەیەک هەوڵ دەدەن ژنان لە کۆمەڵگە داببڕێن و کۆماری ئیسلامیش بە هەموو شێوەیەک پشتیان دەگرێ و بەداخەوە تەنیا شتێکە کە پێوەندی بە ژنانە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەشە دەکا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بنیاتی بنەماڵەو چەند سەرنجێک لەم پەیوەندییەدا



شەونم هەمزەیی

بنەماڵە ئەو وشە و چەمکەیە کە وەک سەرەکیترین فاکتۆری کۆمەڵگایەکی ساغ و چالاک دێتە ئەژمار. لەئێستادا بنیاتی بنەماڵە زیاتر لەهەر کاتێکی دیکە لەگەڵ کۆمەڵێک کێشە و گرفتی کلتووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی بەرەورووییە.

بنەماڵە وەک چووکترین یەکەی کۆمەڵگا دەتوانێ کاریگەری گەورەو فرە لایەنە لەسەر رەهەندە جۆراو جۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دابنێ و ئاراستەی جووڵە و بەرەوپێش چوونی کۆمەڵگا دیاری بکات.

تەنانەت لەباسەکانی زانستی و تیئۆریکی پێوەندیدار لەگەڵ خەسارناسی بنیاتی بنەماڵە یەکێک لەو تەوەرە گرینگانەی کەباسی لێ دەکرێ، تاوتوێ کردنی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەرییان لەسەر بنیاتی کۆمەڵگایە.

راستە کە سەردەم زۆر گۆڕاوەو ئیتر هیچ کەس ناتوانێ وەک رابردوو رۆڵی ژن و پیاو، کچ و کور، دایک و باوک و منداڵ لەکۆمەڵگادا هەڵسەنگێنێ و بەخوێندنەوەیەکی نەریتی دوور لە پێوانەکانی ئێستا بۆ دابەش کردنی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان بڕوانێ، بەڵام هیچ کام لەمانەش ناتوانێ ببێتە هۆکاری کەمڕەنگ کردنەوەو بێ بایەخ کردنی بنیاتی بنەماڵە.

دەبێ ئەوە لەبەر چاو بگرین کە بنەماڵەکانیش بەپێی گۆڕانە کلتووری و کۆمەڵایەتییەکانی سەردەم خۆیان و پێوەندییەکانیان نوێ بکەنەوە. ئیتر هیچ کەس ناتوانێ لەچوارچێوەی بنەماڵەدا تەنیا وەک کۆیلەیەک بۆ ژن بڕوانێ کە ئەرکی زاوو زێ و گەورەکردنی منداڵەو چوارچێوەی هەلسووڕانی تەنیا ئاشپەزخانەیە. بەڵکوئێستا ژنان پێیان ناوەتە مەیدانی چالاکییە کۆمەڵایەتی، کلتووری، ئابووری و تەنانەت سیاسییەکان و بەشێکی گرینگی بازاڕی کاریش لەلایەن ژنانەوە ئیدارە دەکرێ. ئەمە رێک هاوشێوەی ئەم دێرە شێعرەی مامۆستا هێمنە کە دەفەرموێ:

«چۆن ئەبێ سەربەست گەلی ژێر دەست کە کچ دابەستەبێ
بەس نەبێ ئەم کۆت و بەند و کچ لەژوور دابەستەنە«

واتە کۆمەڵگا دەبێ بگاتە ئەو قەناعەتە کە هەڵسووڕان و کارکردنی کچان و ژنان نەتەنیا لەبەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگادا ئاستەنگ و کێشە نییە، بەڵکوو بە فاکتەرێکی بەهێزی پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگایە دێتە ئەژمار.

لەو نێوەدا ئەو ئەرکە قورسە دەکەوێتە سەرشانی بنەماڵەکان کەبتوانن هەر کامیان لەخۆیانەوە دەست پێبکەن و ئەو مەجالە بۆ رەگەزی ژن بخولقێنن کە پێبنێتە ئەو مەیدانە تا ژنانیش هەنگاوێکی گەورە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگا وێرای پیاوان هەڵگرن.

هەر وەک باسم کرد ژنان لەو نێوەدا رۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن و تەنانەت لەئاستی پەروەردەی بنەماڵەییشدا بۆ تەربییەت و پەروەردەکردنی منداڵ، ئەو ئەرکە وێڕای ئەوەی کە بە ئەرکی هاوبەشی دایک و باوک دێتە ئەژمار، بەڵام دیسان قورسایی زیاتر بۆ پەروەردەی منداڵ دەکەوێتە سەرشانی دایک.

نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە هەروەک هەمیشە دەگوترێ ژن و پیاو تەواو کەری یەکن، لەپەیوەندی لەگەڵ ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانیش دا، چ لەئاستی بنەماڵەو چ لەئاستی کۆمەڵگادا ژن و پیاو بەیەکەوەو بەهاوکاری و تەعامولی رێک و پێک و دروست لەنێوان خۆیان دا دەتوانن بنەماڵەیەکی سەرکەوتوو و سالم و لەئاکام دا کۆمەڵگایەکی سەرکەوتوو، کراوەو ساغ دروست بکەن.

هەر چەند لەو ساڵانەی دواییدا هێندێک کێشەی کۆمەڵایەتی زۆر گەورە بەرۆکی کۆمەڵگای ئێران و کوردستانیان گرتوە کە وەک نموونە دەتوانین ئاماژە بکەین بە:

کێشەگەلی وەک هەژاری، کێشە کۆمەڵایەتییەکانی وەک تووش بوون بە مادەسڕکەرەکان (مواد مخدر)، دیاردەی تەڵاق و ... .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



**کۆمەڵگا دەبێ بگاتە ئەو قەناعەتە کە هەڵسووران و کارکردنی کچان و ژنان نەتەنیا لەبەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگادا ئاستەنگ و کێشە نییە، بەڵکوو بە فاکتەرێکی بەهێزی پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگایە دێتە ئەژمار**

بەڵام کۆمەڵگایەکی بەرپرس کە لەسەر دەستی بنەماڵەی بەرپرس دروست دەبێ دەتوانێ بەسەر هەموو ئەم کێشانەدا زاڵ بێ. لێرەدایە کە گرینگی و دەور و کاریگەری بنەماڵە لە سازماندانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەردەکەوێ.

دەبێ بنەماڵەکان بگەنە ئەو قەناعەتە کە بتوانن ئەو شتەی پێی دەڵێن «جیاوازی جیلەکان = اختلاف نسل ها» لەنێوان دایک و باوکەکان لەگەڵ منداڵەکانیان لەنێو بەرن. ئەوە بەو مانایە نییە کە دایک و باوکەکان دەبێ رێک وەک منداڵەکانیان بیر بکەنەوەو ئەو شتە ناشکونجێ، بەو واتایەش نییە کە هەر چی منداڵەکان بیڵێن راستەو ئیتر هەر دەبێ قسەی ئەوان بێ و تەواو! نەخێر وانییە، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە کە تەعامولێک لەسەر ئەساسی رێزگرتن و هاوکات تێگەیشتنی دوو لایەنە لە نێوان دایک و باوک و منداڵەکان(بەکچ و کوڕەوە) دروست بێ. ئەم چەشنە تەعامووڵە دروستە دەتوانێ لە قۆناغی یەکەمدا یارمەتیدەرێکی گەورەی بنەماڵەو لەقۆناغی دووهەمدا فاکتۆرێکی ئەساسی لەئاستی کۆمەڵگەدا بێ تا بنەماڵەکان بتوانن بەسەر ئەو کێشە کۆمەڵایەتیی و دیاردە دزێوانەدا سەرکەون کە ئێستا کۆمەڵگای ئێمە دەست و پەنجەیان لەگەڵ نەرم دەکا.

لەکۆتاییدا بە کورتی بڵێم رەنگە چەمکی بنەماڵە لەگەڵ پەنجا ساڵ لەوەپێش زۆر جیاواز بێ، بەڵام ئێستاش چەمکی بنەماڵە چەمکێکی زیندوو و کاریگەرە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و لەئاستی کۆمەڵگەدا. پەروەردەیەکی بنەماڵەیی دروست و دابەش کردنی ئەرکەکان و رێزگرتنی ژن و پیاو لەیەکتر و تەعامولی دروستیان لەگەڵ منداڵەکانیان دەتوانێ لەکورت خایەن دا یارمەتیدەرێکی گرینگی خودی بنەماڵەکان و لەدرێژ خایەن دا یارمەتیدەرێکی گرینگی کۆمەڵگاکەمان بێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کێشەی ژنانو دەرمانە ئیکسپایەرەکەی!



خالید محەمەدزادە

هەڵاواردن لە کۆمەڵگا دەرکەوتەیەکی تاک ڕەهەندی نیە تا چارەسەرێکی تاک ڕەهەندی بۆ بدۆزریتەوە، بەڵکوو هەموو هەڵاواردنێک(چ نەرێنی و چ ئەرێنی) دەرکەوتەی کۆمەڵێک ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری و..... یە کە لە دواجار ڕەوایی دەدەن بە هەڵاواردن و وەک پەتایەکی کۆمەڵایەتی خۆی وێنا دەکات، کە کاریگەری لە سەر پرسەکانی دیکەش دەکات.

لە دۆخێکی وادا گرفتی ئەم کۆمەڵگایە تەنیا خودی هەڵاواردن نیە، ئەوەندەی چارەسەرییەکەشی دەکرێت بە بەشێک لە پێکهینانی هەڵاواردن و ئاڵۆزتر کردن تا ئاستی قووڵترکردنەوەی.

ئەم حاڵەتە بە نیسبەت پرسی ژنان لە کوردستان دەبینرێت، پرسێک کە کاردانەوەو هەوڵە چارەسەرییەکانی، دەبن بە بەشێک لە هەڵاواردن بەرامبەر بە ژنان و لەمپەر لە بەردەم چارەسەری.

ئەدەبیاتی نووسراوی کوردی لە سەدەی ڕابردووەوە تا ئیستا پڕە لە پیاهەڵدان بە ژنان و تیشک خستنە سەر کێشەکانی، بەڵام کۆی ئەمانە نەیانتوانی کۆتایی بە هەڵاواردن بەرامبەر بە ژنان بێنن، کەم نین ئەو حیزبانەی لە پێناو دیفاع لە ژنان، ژنانە دەرکەوتن، کەم نین ئەو پیاوانەی بۆ سڕینەوەی ئەو هەڵاواردنە، ژنانە نووسیانو ژنانە قسەیان کرد، کەم نەبوون ئەو سەرکردانەی ڕزگاری نیشتمانیان بەستەوە بە ڕزگاری ژن، بەلام نیشتمانیش ڕزگار بوو، ژن ڕزگار نەبوو. کەم نەبوون ئەو ژنانەی برانە نێو ئۆرگانەکانی دەسەڵات و تا ئاستی هاوسەرۆکی بەڵام ڕوخسارێک زیاتر نەبوون!

لە ڕاستیدا ئەمڕۆ نووسین لە سەر ژنان ئاسانترین نوسینە، لە ڕواڵەت لایەنگرانی مافی ژن، زۆر زیاترن لەوانەی بەرامبەر بە ژنان توندوتیژی دەنوێنن و لە دۆخێکی کۆمێدی وادا، ژنانیان بەو قەناعەتە گەیاندوە کە یەکەم و دوایین هۆکاری ئەم هەڵاواردنە پیاوانن و هەر بۆیە یەکەم چارەسەری وەک پزیشکێکی نەزان فریدانی ئەم تەنیا گرفتەیە بەڵام لە ڕاستی دا پیاوان ئامرازی بەشێک ئەم توندوتیژیە نەک هۆکار.

بۆ قسەکردن لە سەر توندوتیژی بۆ سەر ژنان ناکرێت قسە لە سەر توندوتیژی لە کەلتوری کوردی نەکەین، ناکرێت قسە لە سەر بەرهەمهێنانی توندوتیژی لە خەباتی ڕزگاریخوازی نەکەین، ناکرێت قسە لەسەر خواستی توندوتیژی وەک پێویستیەک لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی‌مان بۆ دەستەبەرکردنی خواستەکانمان نەکەین و لە دواجار ناتوانین قسە لەسەر کۆمەڵگایەک نەکەین کە خۆی لە سەر توندوتیژی بونیاد نراوەو لە سەر بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژی کار دەکات.

لە فەزایەکی ئاوادا هەموو توێژەکانی ئێمە ڕۆژانە خەریکی بەرهەمهێنانی توندوتیژین هەر لە منالێکەوە بگرە تا ژنو پیاو بە جۆرێک کە ئاسایی بووەتەوە.

**دەبێ دان بەو ڕاستییە بنێین کە کەلتور زادەی مرۆڤەکانە، نەک مرۆڤ زادەی کەلتورو دەبێ کار بۆ گۆرینی کەلتور و ڕۆشنبیری و هەموو نۆرمەکانی بوونمان بکەین و مرۆڤ و مرۆڤدۆستی بگوازرێتەوە بۆ سەروی هەموو ئەرزشەکان**

ژنانیش وەک دایک و مامۆستا و زۆر خاوەن پیشەیتر ڕۆلی بەرچاویان لە گرتنەبەری توندوتیژی و توندوتیژی خستنەوە هەیە.

لە فەزایەکی وادا ئەگەر لە نێو کەلتورێکی پڕ لە توندوتیژی تەنیا قسە لە توندوتیژی بۆ سەر ژنان دەکرێت و بە بێ بیرکردنەوە پیاویش تەنیا و دوایین هۆکاری ئەم دۆخەیە، ئەمە نەک هەر نەیتوانیوە پلەیەک دۆخی ژنان باشتر بکات بەڵکوو پرسەکەی ڕووبەڕووی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



کاردانەوەی توندتر کردوە بە جۆرێک دەبێ هەر ژنان باجەکەی بدەن.

لە باتی کەوتنە داوی ئەم نۆرمە لە خۆ مەشغولکردن کە لە دواجار بەلارێ دا بردنی چارەسەری لێدەکەویتەوە دەبێ دان بەو راستییە بنێین کە کەلتور زادەی مرۆڤەکانە، نەک مرۆڤ زادەی کەلتورو دەبێ کار بۆ گۆرینی کەلتور و رۆشنبیری و هەموو نۆرمەکانی بوونمان بکەین و مرۆڤ و مرۆڤدۆستی بگوازرێتەوە بۆ سەروی هەموو ئەرزشەکان و هاولاتی وەک هاولاتی سەیر بکرێت. نابێ هیچ شتێک لە سەرووی مرۆڤەوە بێ.

نابێ نارەزایی بەرامبەر بە هەلاواردنو توندوتیژی نانەوە کە لە هەموو ئاستەکان هەیە کورت بکرێتەوە بۆ نارەزایی بەرامبەر توندوتیژی لە سەر گرووپێکی کۆمەلایەتی و کۆی توندوتیژییەکانی تریش نەبینرین و لە هەموو گرنگتر نارەزاییەکان بە کار ببرێن بۆ ئیمتیازگیری نەک چارەسەری.

ئێمە پێویستمان بە فۆرمێک لە بونیادنانی کۆمەڵگای مەدەنیە کە هیچ توێژێک باجی جیاوازی نەداتو مرۆڤەکان وەک هاووڵاتی پلە یەک سەیر بکرێن. فۆرمێک کە ژن بوون، مناڵ بوونو پیاوبوونو.... نە ئیمتیاز بێ نە کەمایەسی، کەلتورێک بونیاد بنیرێت هاووڵاتی تەوەر لە سەر بنەمای رێز بۆ مرۆڤ، نەک بەزەیی هاتنەوە بە مرۆڤ.

جیاوازییە بایۆلۆژی، کۆمەلایەتیو چینایەتییەکان دەرفەت بن نەک مەترسی، کەلتورێک لە ئیدارەی کۆمەلگا بونیاد بنرێت هیچ چەشنە هەلاواردنێک(ئەرێنیو نەرێنی) تێی بنەما نەبێ و ئەمەش ناکرێت تا ئەم کەلتورە لە سەر بنەمای مرۆڤ سالاری و دیموکراتیک بونیاد نەنرێتەوە.

لە نەبوونی کەلتورێکی وادا تەنانەت چارەسەرییەکانیش دەبن بە بەشێک لە پێکهێنانی هەلاواردنو قەیرانو بەشێک لە خستنەوەی توندوتیژی، وەک چۆن لە ئێستا چارەسەرییەکانیش دیوێکی بەرهەمهێنانەوەی هەمان هەلاواردنن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# لەبەرامبەر هەر ٥.٣١ پیاو تەنیا ژنێک لە بازاری کاری ئێران‌دا هەیە





**رادیو زەمانە:** بازاری کار لە ئێران‌دا بەگشتی پیاوانەیە، بە چەشنێک هەنووکە لە بەرامبەر هەر ٥.٣١ پیاو کە کاریان هەیە، تەنیا ژنێک دامەزراوە.

ئاژانسی هەواڵدەری کۆماری ئیسلامی ئێران (ئیرنا) بە گوێرەی ئامارەکانی بەهاری ١٣٩٤ بڵاوی کردۆتەوە کە رێژەی دامەزراوانی بەشەکانی کشتوکاڵی ٧.٣ پیاو لە بەرامبەر ژنێک، پیشەسازی ٦.٧ پیاو لە بری ژنێک و بەشی سرویس ٣.٥ پیاو لەبەرامبەر ژنێکدا دامەزراون.

ئاماری بێکاران دەریدەخا لەبەرامبەر ٢.٢ پیاودا، ژنێک بەدوای کارەوەیە.

بەگوێرەی ئەم راپۆرتانە، زۆربەی ئەو ژنە خوێندەوارانەی لە بازاری کار «هیوابراو بوون، کاتی سەرژمێرییەکان خۆیان بە کابانی ماڵ دەناسێن، کەچی ئەگەر هەلومەرجی کار لە باربێ، ئەو ژنانە قەت ئامادە نین خۆ لە بازار ببوێرن».

شەهیندۆخت مولاوێردی، جێگری سەرکۆماری ئێران لەبواری ژنان و بنەماڵەدا سێ رۆژ لەمەوبەر وتبووی: بێکاری لە نێو ژنانی خوێندەواری ئاست بەرزدا سەرووی ٤٠ لەسەدە.

هەروەها بە وتەی کورش پەرەند، جێگری وەزیری (تعاون)، کارو خۆشبژێوی ئێران، نرخی بێکاری خاوەن بروانامەکانی ئێران سەرووی نیونجی وڵاتەو، بێکاری لە نێو ژنانی خوێندەواردا ٥.٢ بەرامبەر ژنانە.

نرخی بەشداری ئابووری ژنان لەنێوان ساڵەکانی ١٣٧٦ تا ١٣٩٤ لە ٩.٩ تا ٣.١٣ لەسەر هەڵکشان و داکشانی بووە. هەروەها نرخی بێکاری ژنان لەو ماوەیەدا لە ٩.١٤ بۆ ٢.١٩ لەسەد دا لە ئاڵوگۆڕدا بووە.

کارناسانی ئابووری لەسەر ئەو بڕوایەن، هەر کاتێک بازاڕی کار تووشی قەیران دەبێ، ژنان یەکەم قوربانییەکانی لێکترازانی بازاڕن.

گەلاوێژی ئەمساڵ ناوەندی ئاماری ئێران ئاکامی ئاماری زستانی ٩٣ی بڵاو کردەوە. ئەو ئامارە دەریدەخا نرخی بێکاری ژنانی گەنج لە ٢٠ پارێزگای ئێران سەرووی ٤٠ لەسەدە.

٩ پارێزگا نرخی بێکاری سەروو ٤٠٪، شەش پارێزگا زیاتر لە ٥٠٪، سێ پارێزگای دیکەش بە ٦٠٪ و دوو پارێزگاش نرخی بێکاری ژنانی گەنجیان سەرووی ٧٠ لەسەدە.

نرخی بێکاری ژنانی گەنج لە ناوچە شارییەکان ٥.٥٤ و لە ناوچە گوندییەکان ٨.٢٤ لە سەد راگەیەندراوە.

ئەوە لە حاڵێکدایە کە ٦٠ لەسەدی ئەو کەسانەی بۆ زانکۆ دەردەچن ژنن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ژنانی پەناخواز و سەفەر بەرەو ئاوارەبوونێکی تر!

وەرگێران بۆ کوردی: مینا سوڵتانزادە

ژنانی پەناخواز و سەفەر بەرەو ئاوارەبوونێکی تر!
لە نێوان ئەو خەڵکەی ماڵ و حاڵ و نیشتمانی خۆیان جێدێڵن و ڕێگەی ئاوارەیی و غەریبایەتی دەگرنە بەر، ژن و منداڵ و نەخۆش و بەساڵاچووی تێدایە کە لەگەڵ زۆر مەترسی بەرەوڕوو دەبنەوەو دیسانیش ئەوە ژنانی ئاوارە و پەناخوازن بەهۆی ژنبوونیان تووشی زۆرترین توندو تیژی دەبنەوە و هەروەها ئەو بارودۆخە تایبەتەی ژنان لەکاتی سووڕی مانگانە و دووگیانی دا هەیانە تووشی دەیان کێشە و نەخۆشییان دەکاتەوە.

پەنابەران بەهۆی سەختی ڕێگە لەو سەفەرە هات و نەهاتەدا تووشی زۆر کێشەی وەک «غەریبایەتی، توند و تیژی، دەرکران و دیپۆرت کردنەوە، هەڵاوارن، دەستدرێژی و... دەبنەوە کە ژنان زۆرترین قوربانی ئەو کێشانەن و هەر لە کاتی جێهێشتنی ماڵ و حاڵ تا دوایین جێگەی حەسانەوەیان تووشی دەیان ئازار دەبنەوە.

لێرەدا هیچ جیاوازییەک لە نێوان ئەو کەسانەدا نییە کە نیشتمانی خۆیان جێهێشتوە یان هەر لە وڵاتی خۆیان تووشی ئاوارەیی بوون، ئەوە ژنانی ئاوارەن کە توندو تیژی، هەڵاواردنی ڕەگەزی، کێشەی مەزهەب و هەروەها کێشە سیاسییەکان لە وڵاتی خۆیان جێگۆڕکێی پێکردوون و ئێستا بوونەتە ئەو پەنابەرانەی بۆ گەیشتن بە ژیانێکی ئاسوودەتر هەموو مەترسییەک بە گیان دەکڕن.

سازمانی نەتەوە یەکگرتووەکان پرسی توندو تیژی دژی ژنانی پەنابەری لەگەڵ باری تەندروستی ئەوانی پێکەوە گرێ داوەو پێی وایە کاریگەری ئەو توندو تیژییانە بۆ سەر ژنانی پەنابەر هەم فیزیکی و هەم ڕوحییەو هەروەها دەڵێ: ئەو ژنانەی بەهۆی نەبوونی پێداویستی پاک و خاوێنی، تووشی زۆر نەخۆشی جۆراو جۆر دەبن و هەر لە دەسپێکی ئەو سەفەرەیانەوە دەبێ لەکاتی سووڕی مانگانەیاندا کەڵک لە هەموو جۆرە پارچەیەک وەگرن و ئەوەش هۆکارێکە بۆ نەخۆشییەکانی کۆئەندام و...

یەکێک لەو ژنانەی لە سوورییەوە سەفەری کردوە بەو جۆرە باسی مەترسییەکانی ئەو ڕێگەیە دەکا:» ئەمن بە دەیان جار مەرگم بە چاوی خۆم بینی، هەنگاونان لەو ڕێگەیە بۆ ژنێکی تەنیا بەمانای قبوڵکردنی هەموو جۆرە مەترسییەکە، ئەو مەترسییانەی تەنیا پیاوان دەتوانن بەرەوڕووی ببنەوەو هێندێ جاریش بۆ گەیشتن بە ژیانێکی ئاسوودەتر گیانی خۆیان دەکەنە قوربانی. ئەو ژنە لەو ڕێگەیەدا شاهیدی گیان لەدەستدانی دەیان ژنی دووگیان بووە کە بە هۆی نەبوونی پێداویستی پاک و خاوێنی گیانیان لەدەست داوە.

لەو ڕێگەیەدا هیچ ئەمنیەتێک بەدی ناکرێ و ژنان دەبێ لە خەویش دا ئاگایان لە خۆیان بێ تاکوو تووشی توندوتیژی و دەستدرێژی نەبنەوە.

ئەو ئازارو مەینەتییانەی ژنان هەر لە سەرەتای ئەو سەفەرە پڕ مەترسییە لەگەڵی بەرەوڕوو دەبنەوە شێوەی جۆراو جۆری هەیە و لەلایەن کەسانی جۆراو جۆرەوە تووشی دەبن کە ئەندامانی بنەماڵە دەسپێشخەری ئەو ئازارانەن و لە ڕێگەش، پەنابەرانی دیکە، پۆلیس و بەرێوەبەرانی پەنابەر درێژەدەری ئەو توندوتیژییانەن کە بۆ ئەو ژنانە دەبێتە ئەزموونێکی ئەوەندە تاڵ هەتا هەتایە لە بیرو زەینیان ناسردرێتەوە و لەگەڵی دەژین. ئەو دەرد و مەینەتییانەی بەسەر ژنانی پەنابەر هاتوە و هێندێکیان تا کۆتایی تەمەنیان لەسەر جەستەیان دەمێنێتەوە برینەوەی مەمک و کۆئەندامیانە کە ئەگەر ڕوحیشیان دەرنەچێ تا مردن لەگەڵ جەستەیەکی سەقەت و شپرێو دەژین.

**لەو ڕێگەیەدا هیچ ئەمنیەتێک بەدی ناکرێ و ژنان دەبێ لە خەویش دا ئاگایان لە خۆیان بێ تاکوو تووشی توندوتیژی و دەستدرێژی نەبنەوە**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



یەکێکی دیکە لەو ژنانە لە ڕێگەی سنووری وشکانییەوە خۆی گەیاندوەتە ئاڵمان دەڵێ: من شانسی باشم هەبوو کە لە ئاکامدا توانیم خۆم بگەیەنمە وڵاتێکی ئارام، بەڵام ژیانی ڕێگەم پڕ بوو لە توندو تیژی و دەستدرێژی، زۆربەی ئەو ژنانەی لەبەر بێدەرەتانی و زووتر گەیشتن بە ژیانێکی دوور لە مەترسی تووشی هەموو جۆرە ئازارو دەستدرێژییەک دەبنەوەو ئەوەش لە کاتێک دایە هیچ بنکەیەکی یاسایی لەو ڕێگەیە بەدی ناکەن تا بەهاوارییانەوە بچن و دیفاعیان لێبکەن.

لەو ڕێگەیەدا بازرگانی سێکسی دوای بازرگانی چەک و مادەی هۆشبەر، سێیەمین بازرگانی پر داهاتی جیهانە کە ژنانی پەنابەریش یەکێکن لەو قوربانییانەی دەبنە نێچری ئەو بازرگانانە.

ژنان هەر لە سەرەتای ئەو سەفەرە بێئاکامە کە هێندێک جار لەگەڵ هاوسەرەکانیان یان بەتەنیا وڵاتی خۆیان جێدەهێڵن، بەهۆی بێهیوایی، ماندووبوونی زۆر، بێپارەیی... لەلایەن هاوسەرو هاوسەفەرەکانیانەوە تووشی توندو تیژی دەبنەوەو دەستدرێژی گرووپی و ڕفاندنیشیان وەرزێکی دیکەی توندو تیژی و چەوسانەوەی ژنانی پەناخوازە کە نە بە درێژایی ڕێگە و نە دوای گەیشتن بە مەنزڵگە تابۆی ئەو بێدەنگییە ناشکێنن

**زۆربەی ئەو ژنانەی لەبەر بێدەرەتانی و زووتر گەیشتن بە ژیانێکی دوور لە مەترسی تووشی هەموو جۆرە ئازارو دەستدرێژییەک دەبنەوە**

و باس لە ئازارەکانی ئەو سەفەرە  پڕ هات و نەهاتە ناکەن، چونکە دەترسن لەوەی بۆ بنەماڵەکانیان ببنە هۆی سەرشۆری بێئابڕوویی بۆ هەمیشە فەرامۆشیان بکەن.

مەترسی ئاشکرابوونی ئەو دەستدرێژییانەی لەو ڕێگەیە دەکرێنە سەر ژنان، بەردەوام ئەوان تووشی دڵەڕاوکێ و نیگەرانی دەکا و جیاوازییەک لەنێوان سەفەر بە فرۆکە و ڕێگەی ئاو یان بەپێ ڕۆیشتنیان نییە، ئەوەی لە بۆسەی ژنانی پەناخواز دایە دووپاتبوونەوەی ئەو توندو تیژی و دەستدرێژییانەیە کە لەلایەن پۆلیسی ڕێگە، هێزە چەکدارەکان و چەتەکانی ڕێگەوە دەبێتە هاوڕێ و هاوسەفەریان و هێندێک جاریش بۆ دابینکردنی ئەمنیەتی گیانی خۆیان و منداڵەکانیان ناچار دەبن بۆخۆیان جەستەیان ببەخشن.

زۆربەی ئەو ژنانەی لەکاتی گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆیاندا دەڵێن مردنیان زۆر باشتر بوو تا ئەوەی هەموو ڕۆژێ دەکەوتنە بەر ئازار و ئەشکەنجەی جەستەیی و روحی، چونکە لای ئەوان دەستدرێژی کرانەسەریان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



**زۆربەی ئەو ژنانەی لەکاتی گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆیاندا دەڵێن مردنیان زۆر باشتر بوو تا ئەوەی هەموو ڕۆژێ دەکەوتنە بەر ئازار و ئەشکەنجەی جەستەیی و روحی، چونکە لای ئەوان دەستدرێژی کرانەسەریان سەقەتبوونێکی بە تەواو مانا بوو کە ئەوانی بەتەواوی لە کۆمەڵگە دادەبڕاند**

سەقەتبوونێکی بە تەواو مانا بوو کە ئەوانی بەتەواوی لە کۆمەڵگە دادەبڕاند، ژنانی پەناخواز و ئاوارە لەگەڵ ترسێک ژیانیان بەسەر دەبرد کە کاریگەری روحی و ڕەوانی زۆرتر بوو تا جەستەیی.

ئەگەرچی دەڵێن لەدوای ئەو هەموو گیرو گرفتانەی ڕێگە کەمپەکان یەکەم شوێنی حەسانەوەی ئەوانن، بەڵام بەداخەوە ئەویش بە جۆرێکی دیکە دەبێتە بنکەیەک بۆ دەستدرێژی کردنە سەریان لەلایەن ئاوارەکانی دیکە، بەڕێوەبەرانی کەمپ و هێزە ئەمنیەتییەکان و ئەو ترسە وای کردوە ژنان نەوێرن شەوانە بۆ ئاو خواردنیش لە ژوورەکانیان بێنە دەرێ.

ژنان لەگەڵ ئەوەی بەرەو ڕووی بێئیمکاناتی، نەبوونی خواردەمەنی، نەبوونی ئەمنیەتی گیانی دەبنەوەو ئەرکی لێنان و شوشتن، دابین کردنی خوارن و بەرپرسیاربوونیان لە بەرامبەر سلامەتی منداڵەکانیان لەسەر شانە، بەڵام سێبەری ترس و دڵەڕاوکێی دەستدرێژی و توندو تیژی هەموو کات بەسەر ژیانیانەوەیە هەرگیز هەست بە ئاسوودەیی ناکەن.

ئەگەرچی ئەو ژنانە دوای وەرگیرانیان لە وڵاتێک دەست بە ژیانی ئاسایی خۆیان دەکەن و ژیانێکی نوێ بۆخۆیان دەستەبەر دەکەن، بەڵام ئەمجارە لەلایەن کۆمەڵگەوە دەکەونە بەر هێرش و مافەکانیان دەخرێتە ژێر بێ و لە نێو ئەو ژنانەش دا، ئەو ژنانەی هاوسەریان نییە زیاتر تووشی ئەو کێشانە دەبن و بەردەوام لەنێوان ژیان و مەرگ دان.

ژنانی پەناخواز لەگەڵ ئەوەی ئەو سەفەرە پر مەترسییە تێپەر دەکەن تا بگەنە ژیانێکی ئاسوودە و ئازار و مەینەتی شەڕ و سەختییەکانی وڵاتی خۆیان فەرامۆش بکەن و داهاتوویەک بۆ خۆیان و منداڵەکانیان دەستەبەر بکەن، بەڵام نەبوونی کات و قورسایی کار و ژیان، هەڵاواردنی رەگەزی و وەلانانیان لەلایەن خەڵک و کۆمەڵگە، لە جیاتی رابردووی تاڵ و پر لە ترس و ئازارەکانیان لەبیر بەرێتەوە ئازارەکانیان زیاتر دەبێ زۆرتر هەست بە بێهیوایی دەکەن تا ئاسوودەیی و ئارامی.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بیرەوری ڕۆژێک لە ژیانی هاوسەری پێشمەرگەیەک

ئامادەکردنی: نەسرین یوسفزادە

بیرەوری ڕۆژێک لە ژیانی ژنە پێشمەرگەیەک دەتوانێ ئەزموونێک بێ بۆ هەموو ئەو کەسانەی لە دوارۆژەکان دا دەیانهەوێ مەشغەڵی خەبات و تێکۆشان بە هەڵکراوەیی ڕابگرن و درێژەدەری ڕێگای شەهیدان بن.

کاتێک داوام لە خاتوو زارا قادرزادە کرد یەکێک لە بیرەوەرییەکانی خۆی، جا چ خۆش و چ ناخۆش بگێڕێتەوە دوای ئەوەی کەمێک لە خەیاڵی خۆی دا نوقم بوو، وەبیر ڕابردوو کەوت بە دڵپڕێ و چاوی پڕ لە گریان گوتی: ڕۆژەکانی ئێمە هەمووی ناخۆش بوون، من قەتم ڕۆژی خۆش نەدیت.

دوای گێڕانەوەی هێندێک ڕووداو دەستی پێکرد و چیرۆکی یەکێک لە ڕۆژە سەختەکانی بۆ گێڕامەوە و منیش وەک کورتە چیرۆکێک نوسیمەوە: لە زمان زارا میراوایی (قادر زادە)

براکانم، کەسەکانم، هاورێکانم، ئەی ئەوانەی قەت لەبیرم ناچنەوە. هەر کات چاوەکانم لەسەر یەک دادەنێم و بەرەو ڕابردوو بیر دەکەمەوە و وەبیرم دێتەوە کە چ نەهامەتییەکم لە ژیان دا دیتوە دڵم پڕ دەبێ لە گریان، لە گریانێکی بێ کۆتایی.

خەمی لە دەست دانی هاورێ و براو خوشک و کەس و کارەکانمان هێندە گەورە و گران بوون و هەن لە بیر چوونەوەیان مەحاڵە.

ماڵەکان هەموو لەلای یەک بوون و هیچ بنەماڵەیەک لە دیوێک زیاتری نەبوو جاری واش بوو بە دوو سێ بنەماڵە دیوێکیان هەبوو، زۆر جاریش چەند پێشمەرگەی سەڵتیش هەر لەوێ لەگەڵ ئەوان دەژیان و زۆربەی جارەکان پێشمەرگە بریندارەکانیش هەر میوانی ماڵەکان دەبوون و ژن و پیاو گەورەو چکۆلە و چەکدار و بێچەک هەر یەکەوە ئەرکی خۆی وەک ئەندامێک و کەسێکی حیزبی بەرێوە دەبرد و کەس لەگەڵ کەس جیاوازی نەبوو .

شەڕ بوو و هەموو کات پێشمەرگەی سەڵت و ژن و منداڵدار بە برینداری لە نێومان دابوون و زۆر جاریش پێشمەرگە لە بەر چاومان شەهید دەبوو. ئەوەی دەمهەوێ بیگێڕمەوە ڕووداوی شەهید بوونی پێشمەرگەیەکە کە قەتم لە بیر ناچێتەوە.

ئەو ڕۆژە لای قاوەڵتوون بوو، من زۆر لەمێژ نەبوو مێردم کردبوو دووگیان بووم، بۆ خۆم لەلای ماڵەکەی خۆمان کە ئەو کات تاقە دیوێک بوو و بە هۆی بێ جێگا و ڕێگایی بنکەکانی حیزب، هەمیشە یەک دوو پێشمەرگەمان لە ماڵێ دابوو، دەهاتم و دەچوم و خەریکی کاری ڕۆژانەم بووم. «حەمەدەمین» پێشمەرگەیەکی لاو و ئازا کە لە شەڕدا لە لای دەستییەوە بریندار ببوو، هات بۆلام و گوتی: دادە زارا دا توخودا ئەگەر دەستت بەتاڵە سەرم بۆ بشۆ، سەرم زۆر چڵکنە.

کەمێکم چاو لێکرد و بە بزەیەکەوە گوتم: وەرە کاکە گیان دانیشە.

لە سەر بەردێک لەلای ژوورەکان دانیشت و منیش بە ئەفتاوەیەک ئاوم بە سەریدا کرد و بە شامپۆ جوان سەریم شۆرد و بە تۆی پشتێندەکەم بۆم ویشک کردەوە.

لەگەڵ ئەوەی کە بۆخۆم تازەم مێرد کردبوو لەو کاتەدا وام هەست دەکرد کە خەریکم سەری منداڵەکەی خۆم دەشۆم، هەستی دایکێکم بوو.

کاتێک سەریم تەواو بۆ ویشک کردەوە هەستا و گوتی: دەستەکانت خۆش بێ دادە گیان خۆ حەسامەوە، وەڵا سەرم ئەوەندە پیس بوو ئارامم لێ هەڵگیرابوو.

هەروا کە قسەی دەکرد، (بەداخەوە قسەکانیم باش لە بیر نەماوە) لە لێژەکە بەرەو لای کانییەکە ڕۆیشتە خوارێ.

**هیچ کات دیمەنی کوژرانی ئەو پێشمەرگەیەم لە بیر ناچی، کەسێک کە بۆ یەکەم جار هەستی دایکایەتی پێدام و بەڵام کەمتر لە چەند چرکەی خایاند کە لە پێش چاوم وەک گوڵ هەڵپرووکا**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



وێنە: خاتوو زارا قادرزادە و دیاری میراوایی لە کاتی خواردن دروست کردن بۆ پێشمەرگەکانی هەڵگورد

بە بزەیەکەوە گوتم: جا چم کردوە برا گیان! برۆ خدا ئاگادارت بێت.

ماوەی چەند چرکە تێنەپەڕیبوو کە لە پڕ دەنگێک هات. لەدڵەوە داچلەکام (تۆپ باران) کراین و گوللەی تۆپێک لە لای کانییەکە کەوت و من بە چاوی خۆم دیتم ئەو شۆڕەلاوەی کە چەند چرکەیەک لەوە پێش لە بەر دەستی خۆم دابوو و خەریکی رازاندنەوەی بووم وەک گوڵێک هەڵپڕوکا.

ئاخ چ رۆژێکی ناخۆش بوو، هەموو ئەو کەسانەی لەوێ بوون بەرەو کونە تەیارەکان رایان کرد و لەوێ خۆیان شاردەوە، شەرێکی ناخۆش دەستی پێکردبوو کەس گوێ لە دەنگی کەس نەدەبوو، بەڵام من تا ئێواری و تا ئێستاش ئەو دیمەنە ناخۆشەو هەموو ئەو دیمەنە ناخۆشانەی کە دیتوومن لەیاد و بیرم نەچوونەتەوە، هەموو ئەو رۆژانەی کە برایەکی پێشمەرگە تێدا شەهید بووە، هەموو ئەو رۆژانەی لە شاخ و کێو و دەشت و دەر لە ترسی تۆپ باران و گیران و .... لەپشت دارو بەرد و لەناو ئەشکەوت دا دادەچڵەکاین و خۆمان دەشاردەوە و فرمێسک بە چاوی خۆمان و منداڵمان دا بەبێدەنگی دەهاتە خوارێ، ئەگەر بمهەوێ باسی بکەم نەک چیرۆکێک بەڵکوو بە هەزاران چیرۆکیش تەواو نابێت.

زۆر شڵەژابووم بەڵام من تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ هیچ کات لە نێو کونە تەیارە دا خۆم نەدەشاردەوە و هەر بۆیە وێڕای چەند پێشمەرگەیەک، خێرا تەرمی حەمەدەمینی شەهیدمان لە ماشێنێک خست و بەرەو قەلادزێ وەرێ کەوتین و هەر لەوەێ تەرمە پیرۆزەکەیمان بە خاک سپارد.

کاتێک کە تەرمەکەیمان بە خاک دەسپارد بە دڵێکی پڕ لە گریانەوە چاوم لێ دەکرد لە بەر خۆمەوە، بە جۆرێک کە تەنیا خۆم، یان (لەوانەیە ئەویش گوێ لێ بێ)، گوتم: ئاخ برای قارەمانم داخودا چ ئازارێکت هەیە؟ داخودا لە ناخەوە چ هاوارێک دەکەی؟ هاوارێک لە قوڵایی دڵەوە چ بۆ نیشتمانی زەوت کراوت و چ بۆ قوڵایی برینی سارێژ نەبووت، برینت بوو بە دووبارە برین و بە دنیایەک غەم و تاسەوە رۆیشتی و هاورێ و هاوسەنگەرانت بەجێ هێشت، رۆیشتی بێ ئەوەی بە ئاواتی خۆت بگەی.

من هیچ کات دیمەنی کوژرانی ئەو پێشمەرگەیەم لە بیر ناچی، کەسێک کە بۆ یەکەم جار هەستی دایکایەتی پێدام و بەڵام کەمتر لە چەند چرکەی خایاند کە لە پێش چاوم وەک گوڵ هەڵپڕووکا......



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org



# «ژیلاحسێنی» ژیلەمۆی ژیان و جوانی

عەلی لەیلاخ

ژیلا حسێنی ئاشنا ناوێکی کوردستانییە کە ناووناوبانگی گرێدراوە بە رچە شکاندن و هاتنە مەیدانی ژنان لە بواری فەرهەنگ وهونەرەوە

بواری هونەر کە لە نەفسی خۆیدا لە کۆمەڵگە داخراوەکان ئاستەنگ و چەڵەمەی زۆری لە بەردەم دایە. چونکە هونەر لە مێژە دەنگی بەرزو جوانی ئیعتراز و نارەزایەتی دەربڕینە بەرانبەر بە گۆشارو فشاری دەسەڵاتی نارەواو ئایین و نەریتی داپلۆسێنەر. هەر ئەم ئەرکە کە لەسەرشانی هونەر دایە بۆتە هۆی ئەوەی کە لە زۆربەی کۆمەڵگە گەشە نەکردووەکان هەمیشە ڕێگەی هونەر بۆ ڕێبوارانی هەموارەونەبێ و پڕ بێت لە تاسە و لەمپەڕ.

ئاساییە کە لەم بارەشەوە و ژنان و بەتایبەتی ژنانی هونەرمەند لە چەشنی «ژیلا»ی شاعیر، پشکی شێریان وەبەر کەوێت.

خاتوو «ژیلا حسێنی» ژنە شاعیری ناودارو ناسراوی کورد لە ساڵی ١٣٤٣ لە شاری سەقز لە بنەماڵەیەکی ئایینی لە دایک دەبێ و هەر تەمەنی کیژۆڵەیی خولیای ناسینی نهێنیەکان و گەڕان بەدوای وەڵامی پرسیارەکانی ژیان، ئەویش ژیانێک لە کۆمەڵگەیەک کە بەدەست دەیان دەرد و ئازارەوە دەناڵێنێ وای لێدەکات کە ببێتە بە ڕێبواری ماندوویی نەناسی ڕێگەی ئەدەب ودەبێتە پەریلەی قەراخی زەریای شیعری کوردی.

ئەوەی کە کەسایەتی تایبەتی تری بە «ژیلا»خانمی تەمەن کورت و بە بەهرە بەخشیوە تەنیا و تەنیا جێهێشتنی چەند بەرهەمی ئەدەبی و شێعری نیە، زۆرن لە ئێستا کە بەرهەمی شێعریان زۆرترە بەڵام نەیانتوانیوە خۆیان لە تاپووەکانی ژیان دەرباز بکەن ببنە خاوەنی دەنگی ژنانەی خۆیان.»ژیلا« ئەو خانمە نووسەرەیە کە پێش ئەوەی بە زۆرەملی قەڵەم ئازاربدات بۆ هۆنینەوەیەکی دوور لە واقعیەتی خۆی و ئەو دنیایەی کە تێدا دەژیا، بڕیایەکی ژنانەو خۆزگایەکی داهێنەربوو بۆ ئەوەی لە پێناوی «گەشەی»ئەوین دەلاقەیەک بکاتەوە بەرەو کۆڵانی تەنگەبەری بەختەوەری ژنان و کۆمەڵگا. ژیلا لە دوورەوە سەیرکەری ئازارو میحنەتی ژنانی کۆمەڵگەی خۆی نەبوو بەڵکوو لەناخی ئەو ئازارانە هەڵکشا و هەوڵی دا هەتا «ئەوین» هەم گەشە بکات و هەمیش دابەش بکرێت.

لە شێعری «ژیلا» هەموو نیشانەکانی ژیان و هێماکانی نیشتمان بەجۆرێک دەبیندرێت ئەو بەدوور لە لاسایی کردنەوەی دنیاکانی دیکە، شارو شارۆچکە و نیشتمانی خۆی دەبینێ و لە دوو تۆی شێعرەکانیدا بەجوانی دەیاننەخشێنێ، جارو بار بۆ خۆی «کەنیشکێک»ی دڵپڕەو لە ئارەزووەکانی ئەدوێ و زۆرجاریش «دایکانە« پرچی خەیاڵی دادەهێنێ و تەنانەت لە پاییزی ساردی ژنێکی «بێوەژن» بەهاری ئاواتەکانی دەبینێت و بە دڵساردی دەیانپارێزێ.

کچ، ژن، بێوەژن بوون سێ قۆناخی جیا لەیەکن کە بەسەرهات و ژیانی «ژیلا»بوون، نەک تەنیا وەک شاعیرێک بەڵکوو وەکوو کارناسێکی هەست شووش و دڵ نەرم، دەردەکانی دەدرکاند و ژنی وەک خۆی پێناسە دەکرد، نەک وەکوو ئەوەی کۆمەڵگەی پیاوسالار دەیهەویست. لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبییەوە «ژیلا» لە قۆناخی بێوەژن بوون زیاتر باڵای ئازار لە شێعرەکانیدا باڵادەکات و خۆی لە مەیدانی ئەم مەلوولیەدا دەبینێت و دەنگدانەوەی دەبێت بەسەر هەست و خەیاڵی دا. کە شێعر بەرتەسک بوایە بۆ «ژیلا» ژیلەمۆ نواندن لە تان و پۆی چیرۆکەکانیدا «تەونی» تەنیایی و ڕۆح زوێری بەشێکی زۆر لە ژنانی دەچنی و فەرشی فەریادی پڕدەکرد لە گوڵ و ماسی و حەوزی حەزوتاسە.

ئەوەی کە «ژیلا»ی بە جۆرێک تا ئێستا تاقانە هێشتۆتەوە، هەدانەدانێکی ژنانە بوو لە مەیدانی ئەدەب و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



هونەرێک کە بۆ ژنان بە جۆرێک قەدەغە بوو چ لەباری روانگەی کۆمەڵگا چ لەو میراتە ئەدەبیانەی کە وەکوو مێژوو بەجێ مابوو. بە جۆرێک رۆژگاری سەرهەڵدانی «ژیلا» بە سەردەمی «پەروین ئیعتسامی» دەشوبهێنن. سەردەمانێک کە تەنانەت دەستڕاگەیشتنی کچان و ژنان بۆ مەکتەب و خوێندنگەکان ئێگجار کەم بوو، چ بگاتە ئەوەی ژن ببێت بە شاعیر و لە کۆروکۆبوونەوەکاندا بەشداری بکات، بەڵام ژیلا بەتەواوی وجوودەوە لە مەیداندا بوو، چالاکێکی فەرهەنگی، شاعیرێکی جیدی وخەمخۆرێکی ژن بوو کە هەموو توانایەکانی خۆی خستبوە خزمەتی بیرو باوڕەکانی ئەو نەیویست وەکوو کۆمەڵێک کچ و ژنی بەتوانای دیکە دوای مێرکردن و پێکهێنانی ژیانی هاوەبەش واز لە لێهاتوویی و ویست و حەزەکانی بهێنێت بەڵکوو ویستی ژن بێت، دایک و شاعیریش بمێنێت نەبێتە کۆیلەی ژیانی ئاسایی.

«کەلەبچە»

تاڵی لە پەلکەزێرینەی یادەکانتم
بەست بەقامکی شێعرێکەوە
بۆوەی هەرکاتێک ئەی بینم،
موچڕکی ئۆخەی و خۆزگا بێ بەدڵما و
بەرگەی خەمی دووریت بگرم.
ئێستا ئەو تاڵە زێڕکەفتە هەڵکشاوە
کەلەبچەیە و لەمەچەکی هەناسەکانم ئاڵاوە
چەند بجووڵێم زیاتر لە گیانم توند ئەبێ و
لە خەزانی خۆشەویستی و گڕ بارانی دووری تۆدا
ئۆخەی ژاکا... خۆزگەم بە پەلکەزێڕینە.

ژیلا خۆزگەخوازی ئەوەیە ببێت بە پەلکە زێرینە و بەدوای تەمەی دەیان ساڵەی ئاسمانی ئاواتەکانی رەنگامەترین کات و سات بنەخشێنێ. ئەم نەخشاندنە ویستێکی تاکەکەسی نیە چونکە زۆربەی ویستەکانی دنیای شێعر گشتیە، بەچەشنێک هونەر بە واتای ئارەزووکردن و گەشتاندنی خۆشیەکان و جوانیەکانە. شێعری ژیلا لە تۆی وشەوە هەستێکی نامۆ سەیر ناکات بەڵکوو هەڵگری فەزاو هەوای سەردەمە. چ رووداوێکی ئەویندارانە بێ و پڕ لە بیرکردن و تاسە
«بیرت وەکوو پەپوولەی ڕاز،
بەدەور شەمی خەونەکانما ئەخولێتەوە.
یان شاهیدی کارەساتێکی مرۆیی و نەتەوەیی بێ وەکوو کارەساتی هەڵەبجە، بۆیە ژنانە هەست بەو کۆستە دەکات و دەبێژێت:

«کۆست»

«بەهارە» ئەمساڵ بەهار نەمینە
دەشت و دەر و کێو سیما نەمینە
نە «جمە»ی نەڵکە، نە «فرە»ی مەلە، نە «نوزە»ی ژینە
نە شنەی دار و هاژەی رووبار و بزە و کەنینە
هاواره... دادە... گریانە... .شینە
«بەهارە رۆڵەم» بەهار نەمینە
کۆستی هەڵەبجە و مەرگی ئەوینە..

ژیلا شاعیری کات وساتەکان وکارەساتەکان بوو. بە دوور لە هەرچەشنە قسەی زل ودروشمی گەورە. هیچکات دەستی لە دەستی جوانی بەرنەدا جونکە دەیزانی یەکەم تایبەتمەندیی شێعر جوانیە.ئەوەندە هەستی بە جوانی پەپوولەی خەیاڵ کردبوو کە کەڵە شیعری کورد



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شێرکۆبێکەس زۆرجار شیعری بۆ دەنارد وبۆ مەرگە دڵتەزێنەکەشی قەسیدەیەکی هۆنیەوە،ژیلا لە کورتە شیعرێک لە وەڵامی «شێرکۆ بێکەس دا دەڵێ:

تۆ منت بە شێعر سپارد
من تۆ بەو خەونە سەوزانەی
بە باڵای شێعرەکانتەوە ئەیانبینم
تۆ عاشقی و سووتاندنت بۆ ڕەوادیم و
شەونخوونی و ئازاری بێ بڕانەوە
من ئارامی، ئۆخژن هەتوان حەسانەوە.

جوانەمەرگی جوانکار و خانمە شیعری ڕۆژهەڵاتی ڕچەشکێنێک بوو لە بواری شێعرونووسین بە زمانی دایکی.کاتێک کە بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگە بە زمانی زگماکی ئاشنا نەبوون کە واتە «ژیلا» بەیەک لە چرا هەڵگرانی گەشایی زمانی زگماکیش دێتە ئەژمار و بە بەشداری چالاکانەی لە ئەنجومەنە ئەدەبییەکانی شاری سەقزو سنە دەبێتە پێشەنگی چالاکوانی ژنان و کچان کە ئێستا ڕۆژبەدوای ڕۆژ لە گەشە کردن دایە.

«ژیلا» بە شێوەی خۆی دژی پیاوسالاری کۆمەڵگەی کوردستانی ڕادەوەستێ و تێچوی ئەم ڕاوەستانەش بە خۆی و ژیان و بەسەرهاتی دەیبژێرێت. لەباری ئەدەبیشەوە زۆر ناخاینێ کە ڕێ و ڕچەی شیعری خۆی دەدۆزێتەوە و دەبێتە خاوەن فورم و زمانی شێعری خوی و ڕێچکەیەک لە دەنگی ژنانە لە شێعری کوردی بەشوێن خۆیدا دەکێشێ و ترپەی دڵ لیدانێکی هونەرمەندانە بە دیاری جێدەهێڵێ.

دڵتەنگی ژیلا هەست کردنی ئەوەندە ئاسانە مەگەر بۆ کەسێک لە کۆمەڵگەی کوردی نەژیابێت، ئەوەندەش دەرک کردنی سەختە مەگەر لە ئاوێنەی شێعرێکی نوێ دەربکەوێت: دلی تە نگم سێ تارێکە

کاتێ پە نجەی خۆشەویستیت
تاڵێ کە زیەی تاسەکانی ئەبزوێنێ
لەو ساتەدا، یادی ماندووی ئەلەرزێنێ
ئاوزی خەم لێ ئەدات و
پڕ بە زاری شێعرێکی نوێ ئەچڕیکێنێ.

درکاندنی ڕازەکان بە تایبەت هەستی حەشاردراوی ژنانە کە ساڵانێک پەنگی خواردوبوو، دەبێتە زایەڵە و لە زاری شێعری دەرژێ و ناوی «قەڵای ڕاز»ی لەسەر دادەنێ، ژیلا» لە گەشەی ئەوین»ەوە دەگاتە «قەڵای ڕاز» و دوای چەندین چیرۆکی جوان بە ناوەرۆکی کۆڵانەکانی شاری خۆی دەنووسێ. «ژیلا» خەم و دەردەکانی بێ ڕۆکەش وەک خۆی دەخاتە بەرچاو، ئەم خانمە شاعیرە بە بوێرییەوە دەچێتە شەرێکی بێ نابەرانبەرو لە گەڵ ئازاری ژن بوون دەست بەیەخە دەبێ. کۆی بەرهەمەکانی کۆڵەی لێوی لێوبەباری و لێدانی دڵێکی پڕ ئاواتە.

ساڵانێک بوو بە دوای «مەستوورە»ی ئەردەڵان، جێگای ژنان بەتاڵ بوو لە بیاڤی فەرهەنگ و ئەدەب، هەتا هەر لە تەنیشتی شاری «مەستوورە» خانمێک دێتە مەیدان و دەبێتە یەکێک لە ناودارترین ژنە قەڵەم بەدەستانی کوردستان.

تابۆشکێنی، زمانی شیعری، هەستی خەیاڵاویی و ئاکتیڤ بوونی هەمە لایانەی «ژیلا» ئەو دەرفەتەی بەو ژنە بەخشی کە ببێت بە پۆستمودێرنترین ژنە شاعیری ڕۆژهەڵاتی کە بەداخەوە لە ڕێکەوتی ١٣٦٥/٧/٦ لە کاتێکدا بەرو تاران دەرویشت بۆ دیتنی کوێستانە شێعری کورد «شێرکۆ بێکەس» بەداخەوە لە جاددەی نێوان سنە/ دیولان تووشی کارەساتی وەرگێرانی ماشێن دەبێ و لە دەشتایی لەیلاخ»ەوە دەچێتە ناخی نیشتمانەکەی و دەبێتە ڕۆحی هەرمانی جوانی و بە تەمەنی گوڵی خۆی گوڵزارێک دەبەخشێ بە کتێبخانەی کوردی:

**١-گەشەی ئەوین کۆمەڵە شیعر ١٣٧٤**

**٢-قەڵای ڕاز ،کۆمەڵێک چیرۆکی کوردی**

**٣-وەرگێرانی چیرۆکی»منفعت طلب»سادقی هەدایەت بۆ سەر زمانی کوردی وبلاوکردنی لە گۆڤاری ڕامان.**

**٤-چەندین وچەند بابەتی فەرهەنگی،ئەدەبی و کۆمەڵێک شیعر بۆ منداڵان..**

......................

**ژێدەر:بەرهەمەکانی ژیلا. ماڵپەڕی کتێبخانەی ئەوین.**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



کوێستان عومەرزادە

خەونی دەستەکانت !!!!

گیانم پڕ بوە

لە مێرگی ئەوینی سەوزت،

هەموو بەیانیەک

بە مشتێ خەونی گەرمەوە

لە لای تۆ ڕا

دێمەوە ناو ژیان.

هەموو ئێوارەیە بە تاسەی

گەڕانەوە بۆ ناو ئەو خەونانە

لەگەڵ سێبەری ئاوابوو ڕۆژدا

دەتریقێمەوە،

من نازانم ئەو هەموو کزەی ئەوینەی تۆ

چلۆن هاتۆتە گیانمەوە

لە سێبەری ئەو هەموو روناکیەی چاوانت

تێناگەم.

لە چرپە چرپی

ووشە ڕوتەکانی روحت هیچ بەدی ناکەم،

جگە لە خۆشەویستی بەسەر بەژنی ماندوم دا.

هەناسەی هیچ بایەک

نام گرێتەوە

جگەلە بۆنی هەناسەی ڕوحی تۆ.

لە خەونی هەمیشەمدا

دەستەکانت،

ماچەکانت

ئاوێزانی باخەڵمن.

تۆ دەزانی من نازانم لە کام شارو

لەکام ئاسمان و زەویدام.

کاتی تۆم هەیی.

من نازانم

بەسەر پەیجی کام شێعرا

کاڵ ببمەوە

کاتی خەونی دەستەکانی تۆ دەم با.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پەلوپۆی چۆلەکەی منداڵیمی هەڵوەراند
کتکە کوێرەی کۆنە کەلتوورا!
بەند بە بەندی راقەی فڕینی بۆ کردم،
قەفەزی تەنراوی ئایین!
گوێزی بیرم، یەک یەک، شین شین
سمۆرەی ئایین کەندیەوە و
بە خاکی رەشی ئەسپاردن!
تەوری موقەددەسی بیری کۆڵی کۆمەڵ
درەخت درەخت، لقی سەوزی ئەندیشەیان بڕیم!
میوەی کاڵی منالیمیان ڕنی!
منالیم وشک!
خەزانەی خاڵی ڕەنگ خەزانی مێشکی کۆمەڵ
وەهمسەرای رەنگاورەنگی خەونی جەننەت
باڵای ژیان کراسێک لە ڕەنگی دۆزەخ!
هەستی بزۆزی لاوەتیم،
لە گیرفانی خەیاڵەوە مەگەر
هەناری تاوانی حەزێکی دزیبا!
دەستی بزێوی لاوەتیم لاسار
چەند جار لە سەر بانی بڵندی شێعرەوە
بەردی پرسیاری هەڵدان و
شوشەکانی تابۆی ئاسمان ڕژا سەر خاک...

بەڵام ئەفسوس، تابۆی نوێ هات!
تابۆی نوێمان بۆ سمێڵی خۆی،
ریشی ئایینی هەڵپاچی و
کراسی رەنگاورەنگی ئایدۆلۆژی دووری و
کردیە بەری باڵای کورتی حەزەکانمان
ئەمجارەیان،
وشکەسۆفی سیاسەتی بێ تەریقەت،
نەیهێشت پەپوولەی حەزباری شێعرم
لە سەر گوڵی حەزی کچێک هەڵبنیشێت
لاوەتیم ڕەش!
ئێستا شووشەی کۆشکی پیرۆزی تابۆکان
بەردبارانی دەستەنگێوی شێعری منە
چون دەزانم،
تابۆی ئایین بە هەر ڕەنگێک،
شەمشەمەکوێرەی شمشێریان،
تینووی خوێنی -
نوستووانی ناوەراستی رۆژهەڵاتن
دینی تازەش بە هەر دەنگێک،
وشکارۆکانی باوەڕیان
تینووی چۆمی پڕ چڵکاوی دەسەڵاتن

**نەکەرۆز**


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



له ئاسمانی خه یاڵم دا
بۆ وڵاتێکی تاسه بار
من شاژنێک هه ڵده بژێرم
تا یاساکان بسڕێته وه
سنووره کان پا کاته وه
زامه کان بهۆنێته وه و
پێنووسی خه واڵوو تووڕ دا
هه وری ڕه شی نگریس ڕادا
به گه ڵای گوڵه وه نه وشه
کۆگای ئه سرینه کان بسڕێ
به په رداخێک ئاوی ئه وین
هه موو شێعره بێ شنه کان
تیف تیفه دا
به سۆزێکی دایکانه وه
به بێ خورپه؛
منداڵ به ڕێته کۆشی خه و
له ناو دڵی هۆنراوه دا؛
وشه ی ڕامیاری و خاچ فڕ دات
به خه نده نه رمه کانی خۆی؛
په لکه ی هیوای
کچانی زێد بهۆنێته وه
ئای چه ن خۆشه
که ژنێک ببێته سه رۆک...

**ئەو شێعرە لە واڵی مونیرە فە یزە وەرگیراوە**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# سەندروومی پێش قاعیدەگی واتە عادەتی مانگانە چیە و ڕێگاکانی کۆنترۆڵ و دەرمانی

شەیدا ئەمینی

یەک دوو حەوتوو لەوپێش دەورەی قاعیدەگی ئیمکانی هەیە هەر کچێک یا ژنێک هەست بە نارەحەتی و هەر جورە ئاڵوگۆرێک لە لەش و روحی دا بکات وەکوو: نەفخ، ژانەسەر و ئاڵوگۆڕیکی زۆر لە خولق و خودا هەست بکەن کە لە باری عیلمی سەندروومی پێش عادەتی مانگانەی پێدەڵێن یان هەمان(PMS) لێکوڵینەوەکان پێشانیان داوە کە نزیک لە ٩٠ لە سەدی کچان و ژنان لەگەڵ بەشێک لە سەندروومی پێش قاعیدەگی ئاشنا دەبن. سەندرۆمی (PMS) نیشانەی تایبەت بە خوی هەیە کە یەک یا دوو حەوتوو پێش قاعیدە بوون دەست پێدەکات و لە هێندێک کاتیش دا تا دوو حوتوو هەر بەردەوامە کە شیددەتی زوورە و لە دەرسەدێکی کەمتردا خۆی نیشان دەدات کە پێویستی بە دەواو دەرمان لە توولی سالیانێک کە ژنێک قاعیدە دەبێ هەیە. کە ئەگەر چارەسەر نەکرێ رەفتار دەرمانی نەکرێت ناکۆکی زۆر لە ژیانی هاوبەشی و هەروەها دەورووبەرێکان بەدی دێت.

لە هەر ٤ ژن، ٣ ژن لەگەڵ سەندروومی PMS ئاشنا دەبێ کە لە ٢٠ لە سەد دا شیددەتی هەیە و زۆرجار بە کێشەی تەلاق دەکێشرێ بە هۆی بەد خولقی لە رادە بەدەر.

ئەو سەندروومە ئیرسییە و لە تەمەنی ٢٠ ساڵان دا و بەشێک لە تەمەنی ٣٠ساڵ بۆ سەرێ و ٤٠ ساڵی دا دەناسرێت. مانگی وایە نیشانەکان زۆر دەبێت و مانگی وایە عادەت مەعلووم نابێت.

PMS یا سەندروومی پێش قاعیدەگی دەلیلێکی روونکراوەی نیە، بەڵام دەتوانێ دوای منداڵبوون بە بەستنی لوولەکانی رەحم، هەڵگرتنی رەحم ، قەتع کردنی قورسی دژی دووگیانبوون یان بە دوای ناراحەتی و نیگەرانێک پەرەی پێبدرێت.

هەڵبەت لە بیرمان نەچێت کە نیشانەکانی سەندروومی ناو بردوو لە ژنێک بۆ ژنێک جیاوازە، و بە شێوەی جوراوجور خۆ نیشان دەدات.

نیشانەکانی باشتر ناسینی سەندروومی: نارەحەتی، تورە بوون، ئیشتیای زۆر بۆ خواردنی شیرینی وەک مەچیرانی کردن بێت و ئیشتیای هێندێک خواردن کە سوێرن ژانی پشت و کەمەر، کێشی زۆر، ناراحەتی لە روودەکان دا و جاری واشە دڵیان لە خۆ دەبێتەوە، بیرکردنەوە لە خۆکوژی، دڵ رەش بوون و گریان و بە تووندی قەڵس بوون کە لەو کاتانەدا دەتوانن لە حەبی دژەئازار کە پێویستی بە نوسخە نیە کەڵک وەربگرن، وەکوو: ئاسپرین، ئیبوو پروفین کە یارمەتی بە گیرانی ئەزووڵەکان و ژانە سەر و پشت و ئازاری کەلەکە و ... بدات.

تەرکی سیگار، مەشرووباتی ئەلکولی، خواردنی ژەمێکی تەواو لە هەر چەند کاتژمێرێک دا، خواردنەوەی ئاو بە پێی پێویست، وەرزش و خەو، خواردنی ویتامەکان بە تایبەت B٦ و کەلسیووم و هەروەها دەرمانی دژە خەمۆکی واتە دەتوانێ یارمەتی لە کۆنترول و دەرماندا بدات. لە بیرمان نەچێت هەر کات، کاتی قاعیدەگی مان نورماڵ نەبوو دیتنی دوکتور پێویستە.

بۆ کۆنترۆڵی سەندروومی PMS باشترە هەموو مانگێ قاعیدەگی یادداشت بکرێت و بەرنامەی بۆ دابرێژن بۆ کۆنترۆڵ و دەرمان بۆ ئەوەیکە هەم بۆخۆتان و هەم کەسانێک کە لە ژیانتاندا هاوبەشن لە رەنج و ناکۆکی بە دوور بن. هەوڵ بدەن لەو کاتانەدا کە لە بارودوخێکی باش نین حەتمەن ئەوانەی لێتان نزیکن لە جەریان بخەن بۆ ئەوەی هەم خۆتان هەم ئازیزانتان لە دڵەراوکێی و نارەحەتی نەجات بدەن بەو جۆرە کە هاوسەر و دورووبەرتان بزانن لەو کاتانە دا چۆنتان هەڵسو کەوت لەگەڵ بکەن کە هیچ لایەک لەتمە نەبینن. دەتوانن بۆ ئەوەی بەرنامەکەی کە بۆ کۆنترۆڵ داتان رشتووە جوانتر بەرێوە بچێت هەر مانگێ بەشێکی بەرێوە بەرن تا کۆتایی کێشەکە...



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# خەمۆکی

ئامادەکردنی: موژگان عەلیپوور

خەمۆکی نەخۆشیەکە کە داوێنی ژن و پیاو تەنانەت منداڵ و مێرمنداڵیش دەگرێتەوە. خەمۆکی تێکچوونی بواری دەروونیە کە ڕێژەی توشبوانی ژن دوو هێندی پیاوانە. زۆر کەس پێ وایە خەمۆکی دڵ تەنگیە، بەڵام دوو شتی تەواو لێک جیاوازن. مەبەست لە خەمۆکی زۆربەی جار نائومێدی جۆراوجۆرە. سەرنەکەوتن لە ئامانجێکدا یان لە دەست دانی بابەت یان شتێک کە نرخی لەلایەن تاکەوە زۆرە. وشەی خەمۆکی چەند جۆرە کە جۆری درێژخایەنی ئەم نەخۆشینە هێندێ جار چەند حەوتوو یا چەن ساڵ دەخایەنێت کە بواری دەرونی دابەزاندووە ( واتا خولقی تاک دابەزیوە) یا هەستی قوڵی نشانەی خەمۆکیە. لە بواری نەخۆشی خەمۆکی ئەوەی هەیە بە زۆری شتێکی گەورەی چاوەروان نەکراوی ئومید نەخوازراو، گۆڕانی هەلومەرجی ژیان وەک جیابوونەوە، نەخۆش کەوتنی خۆی یا دەورووبەر سەرکەوتنی بایەخدار یا هۆکاری گوشاری درێژ خایەنی تر. دەستپێکی یەکەم قۆناغی ئەم نەخۆشینە هەمیشە زۆر روون و دیار نیە.

### نیشانە سەرەکییەکانی خەمۆکی بریتیە لە

بێ تاقەتی بواری دەرون واتا، دابەزین حەز و ئارەزووی دەروونی و نەبوونی ئامانجێک بۆ دوارۆژ. بە درێژایی شەو و رۆژ ئەو نیشانانە، تاک بێ تاقەت دەکات. بەردەوامە لە رۆژێکەوە بۆ دوو حەوتوو. حالەتی خەمۆکی تەنیا دابەزینی بواری دەرونی نییە بەڵکو، دەستنیشان کردنی خەمۆکی چەندین نشانە ی ترە لە هەمان کات دا کە بریتین لە؛

ـ دابەزین یا زیاد بوونی کێشی لەش بە شێوەیەکی بەرچاو

ـ بێ خەوی یا لە رادەبەدەر خەوتن

ـ بێ تاقەتی لە هەڵسەنگاندنی شتەکان یان نەگونجان و هەست کردن بە تاوان

ـ تەرکیز نەکردن لە سەر بریاردان.



ـ نشانەکانی ئازار وەک، ئازاری پشت و ماسولکەکان و جومگەکان و ئازاری سک و سەر ئێشە

ـ چێژ وەرنەگرتن لە ئەنجامی چالاکیە ئاساییەکانی کە پێشتر ئارەزوی کردون.

ـ نائومێدی و بیرکردنەوە لە خۆکوژی لە حاڵەتی خەمۆکی بە پێ جۆری نیشانەکان، قورسی و کاتی ئەم نەخوشینە، دابەش دەکرێ بە سێ بەش.

ـ خەمۆکی سووک

ـ خەمۆکی مام ناوەندی

ـ خەمۆکی قورس

خەمۆکی مەیلی هەیە بەردەوام لە یەکێک لە قۆناغەکانی ژیاندا نوێ بێتەوە. ناسینەوەی حالەتی خەمۆکی چارەسەری پێویستەو ماوەیەکی زۆرە پێش بینیی کراوە. تاکی توشبوو کاتێک کە گومانی لە خۆی کرد خەمۆکی هەیە، دەبێ بە زوترین کات بچێتە لای دوکتوری پسپۆر تا بە خێرایی فریای خۆی کەویت چونکە چارەسەری ئاسانترە لەوەی کە ببێت بە خەمۆکی درێژ خایەن. کاتێک نەخۆشیەکە بگاتە نەخۆشی خەمۆکی درێژ خایەن ئەوکات چارەسەرەکەی بە دەرمان و رێنوێنی رەنگە چەن ساڵێک بخایێنێت زۆربەی تووشبوان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



شەرم لە باس کردنی ئەو حاڵەتانە دەکەن و تەنانەت دەیشارنەوە. هەلومەرجی ژیان کە پەیوەندیان بە کێشە دەروونیەکانەوە هەیە بە گشتی بریتین لە کورت خایەندنی نشانەی دڵتەنگی و نشانەکانی خەمۆکی و نشانەکانی هەڵسوکەوت کردن لەو حاڵەتانەی کە تێدادەدەکەوێت ، ئەوانەی پێیان دەڵێن کێشەی خۆ گونجاندن لەگەڵ بارودۆخ. نیشانەکان بە گشتی لە سێ مانگ دا گەشە دەکات لە دەرکەوتنی هۆکاری ئێسترس لە ژیانی ئینسانەکاندا. هەر وەک ئاماژەی پێی درا ئەگەری توش بوونی ژنان دوو هێندی پیاوانە بە تایبەت لە و وڵاتانەی کە نەریتی کۆنی پیاو سالاری هێشتا رەنگی ماوە. ژن بە هۆی مانەوەی لە ماڵەوە ئەرکی قورسی پەروەردەی منداڵ و ئەو کارانەی لە رۆژدا بۆیان دووپاتە دەبێتەوە ئەگەری توشبونیان زۆر زیاترە. گۆرینی شوێن بۆ ئەو کەسانە زۆرباشە ئەگەر بۆ چەند خولەکیش بێت لەماڵەوە بچنە دەرێ کاتێک تەرخان بکەن بۆ خۆیان. سەفەر کردن، وەرزش و خواردنی بەسوود لەو خاڵە سەرەکییانەیە کە مرۆڤ لە خەمۆکی دوور دەخاتەوە. کەم داهاتی، هەژاری، بێکاری و تەڵاق هەمووی ئەوانە پاڵنەرن بۆ ئەوەی مرۆڤ بەرەو خەمۆکی بەرێ. ژنێک کە هاوسەرەکەی بۆ دابین کردنی بژێوی ژیان ناچارە کاتێکی زۆر دوور لە مالەوە بەسەر بەرێت، بەرە بەرە هەست دەکات کە هاوسەرەکەی گرینگی پێ نادات و لای ئەو بایەخێکی نیە لە ئاکامدا بەو شێوە بیر کردنەوەیە بەرەو پیری خەمۆکی دەچێت. زۆر مانەوەی ژن  لە ماڵ جا بەتایبەت ئەگەر مانەوەی بە زۆری بێت دەتوانی ببێتە هۆی سەرەکیی خەمۆکیی لە جۆری درێژ خایەن و لە ئاکامدا بەرەو تەڵاقی بەرێ. وەک پێشتر ئاماژەمان پێی دا ئەم نەخۆشینە درەنگ پێ دەزاندرێ زۆربەی جارێش بە هەڵە ناسراوە و چارەسەری هەڵەی بۆ بەکار دێت. بە پێی لێکۆڵینەوەکان لە هەر چوار ژن ژنێک لە ژیاندا توشی خەمۆکی دەبێت بۆیە ئاساییە ژنی دووگیان تووشی ئەو نەخۆشینە بێت لە هێندێک کاتدا خەمۆکی دەتوانێت هەم بۆ داک و هەمیش بۆ کۆرپەڵە مەترسیدار بێت. خەمۆکی لە کاتی دوو گیان بوونی ژندا وەک هەموو خەمۆکیەکانی تر وایە کە بە هۆی تێوەگلانی شیمیایی مێشکەوە پێک دێت. لە کاتی دووگیانی دا گۆرانی هۆرمۆنەکان دەتوانێت کاریگەر بێت لە شێواندنی شێمیایی مێشکدا. ئەگەر دایک لە ژیانی ناخۆش دابێت یا لە کاتێکی دژواردا بێت ئەوە دەتوانێت



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

راستەوخۆ کاریگەر بێت بۆ ئەوەی توشی خەمۆکی بێت.
خەمۆکی جۆری سکپڕی لەو کێشە سەرەکییانەی لە نێو ژنان دا کە تاکی توشبوو زۆر بەسەختی بە نەخۆشی خۆی دەزانێت. نیشانەکانی لەگەڵ خەمۆکی لە کەسانی ئاسایی دا کەمێک جیاوازە بەلام هێندێک خالی هاوبەش هەیە کە دەتوانین لەو ڕێگایەوە پەی بە ئەم نەخۆشییە لە کاتی سکپڕی دا ببەین. خەمۆکی لەو قۆناغە دا لە سەرەتای سکپڕیەوە دەست پێ دەکات کە لە سێ مانگ بەدواوە بە باشی دەردەکەوێت کە نیشانەکانی بێ خەوی، هەڵچوونی لە ناکاو و گریانی زۆر و بێ هۆکار کە بەرە بەرە زیاتریش دەبێت.

## ئەو هۆکارانەی کە وادەکات ژنی سکپڕ توشی خەمۆکی بێت؛

ـــپێشینەی خەمۆکی

ـ پێشینەی نەخۆشی دەرونی یا خەمۆکی لە ناو بنەماڵە

ـ بایەخ نەدانی دەوروبەرییەکان، بە تایبەت هاوسەر بە ژنی دوو گیان.

کەسانێک کە لە تەمەنی کەم دا هاوسەرگیری دەکەن و دووگیان دەبەن ئەگەری توشبونیان زۆرە.

تاکی توشبوو باشترە داوای یارمەتی بکات و ڕاوێژی دوکتوری شارەزای ئەو بوارە وەربگرێت. دەتوانێ جموجۆل و چالاکی تازە بۆخۆی بەرهەم بێنێت. خواردنەکانی بگۆرێت. دەرکەوتووە کە خواردن بە سەر ئالوگۆری دەرونی دا کاریگەری زۆری هەیە، بۆیە دەتوانرێت خواردنی بەسوودترە هەلبژێرێت وەک ئۆمێگا٣ کە چەن ساڵە ناسراوە بۆ چارەسەرکردنی دەیان نەخۆشی بەلاَم دەبێ ب ڕاوێژی پزیشکی پسپۆر بێت چۆنکە ژنانی دووگیان دەبێ هەر دەرمانی دەیخۆن لە ژێر چاوەدێری و ڕاوێژی پزیشکی تایبەتی خۆیاندا بێت و سەرەڕۆیانە هیچ چەشنە دەرمانێ بە کار نەهێنن.

لە دایکبوونی منداڵ ئەرکێکی زۆر دەخاتە سەر شانی دایکی، بۆیە پێویستە دایک بەر لە منداڵ بوون بەرنامە ڕێژیەکی باش بۆ ژیانی خۆی بکات و ئامادە بێت بۆ چوونە ناو قۆناغێکی تازە لە ژیان. چۆن ناچارە کاتێکی زیاتر لە ماڵەوە بەسەر بەری بەتایبەت لەو بنەماڵانەی کە باوک هیچ ڕۆڵێک لە بەخێو کردنی منداڵ ناگرێت. بە ڕای دەروونناسان ژنان دەبێ ١٠ ساڵ پێش دووگیان بوون خۆیان بۆ ئەو قۆناغە ئامادە ککردبێت. بە تایبەتی تر ئەو دایکانەت تەمەنیان کەمە. دیسان دایک ئاگاداری ئەوە بێت کە لە کاتی شیردان بە منداڵەکەی ناتوانێ دەرمان بەکار بێنێت. لە دوای منداڵ بوون تا یەکەم سووری مانگانە، واتا یەکەم پیریۆدی، قۆناغێکی زۆر هەستیارە بۆ دایک لە مەترسیدایە بۆ توشبوون بە خەمۆکی.

## دەست پێکردنی چارەسەری دەرمان

لەمرۆدا دەتواندرێت حالەتی خەمۆکی بە سەرکەوتوانە چارەسەر بکرێ لە ڕێگای چارەسەری دەروونی بە گفتووگۆ یان لە ڕێگای چارەسەری دەرمان بە خواردنی دەرمان وەک حەبو هتد کە بە زۆری هەردوکیان بەکار دەهێنن. لێکۆلینەوەکان ئێشارەت بەوە ئاراستەیە دەدەن کە دەرمانەکانی خەمۆکی نیشانەکانی خەمۆکی خێراتر چارسەر دەکەن لە چاو چارەسەری دەروونییە. بەلاَم لە چارەسەری دەروونیدا تاک ڕۆلێکی باشتر دەتوانێ بگێرێت. بە چارەسەری دەرمان دەتوانین نیشانەکانی خەمۆکی کەم بکەینەوە بە ڕادەی دوو لەسەر سێ. لە دەرمانەکانی خەمۆکی لەنێوان خۆیاندا جیاوازییەکی بەهێزی بایخدار نیە. پزیشک دەرمانی خەمۆکی هەڵدەبژێرێت بە پێ زانیاری حالەتی خەمۆکی نەخۆش. هەروەها کاریگەری جۆری دەرمانی خەمۆکی کاریگەرییان بۆسەر نیشانەکانی نەخۆشەکە دوو هەوتوو دەخایەنێ یانی پاش دوو حەفتە ئەوکات دەمانەکە کاریگەری هەست پێ دەکرێ. چارەسەریەکە زۆر دەخاییەنێ یەکەم حالەتی خەمۆکی چارەسەری بە دەرمان ئاستی مام ناوەندی ٤ بۆ ٩ مانگ دەخاییەنێ. بۆ چارەسەری هەلومەرجی نوێ بوونەوەی خەمۆکی ڕەنگە چەن جارێک تازە بێتەوە ئەوسا پزشک بە پێی حالەتەکە بۆماوەییەکی دوور و درێژ بە بەردەوامی دەرمانی بەرگرتن لە نەخۆشیەکە بۆ نەخۆشەکە تەجویز دەکات. لە کۆتایی دا ناسینی جۆری نەخۆشی و چارەسەری لە کاتی خۆی زۆر گرینگە و یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی نەخۆشیەکە بەرەو خراپتر نەچێ و ئاسانتر و خێراتر دەرمان بکرێت.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هەواڵی کارو چالاکییەکانی یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتی کوردستان
















کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سەردانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان بۆ کۆمیتەی رانییە

ڕۆژی سێ شەممە ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٤ی هەتاوی هەیئەتێکی یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان بە سەرپەرستی خاتو سۆهەیلا قادری سکرتێر و بە هاوڕێیەتی فەریبا وەیسی بەرپرسی بەشی تەشکیلات، زولەیخا خزری و نەمام خوسرەوی ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان بە مەبەستی کۆبوونەوە و هەڵسەنگاندنی کارەکانی ئەندامانی کۆمیتەی رانیە سەردانی ئەو کۆمیتەیان کردو لە نزیکەوە لەگەڵیان کۆبوونەوە. سەرەتا فەریبا وەیسی باسێکی لەسەر تەشکیلاتی یەکیەتیی ژنان پێشکەش کرد و بە دوای ئەودا باسێکی کورت لە لایەن سۆهەیلا قادرییەوە پێشکەش کراو و زیاتر باسی ئەو چالاکیانەی کرد کە دەبێ بۆ دیار بوونی ژنان لە مەیدانی خەباتدا بکرێ و زیاتر لە هەموو شتێک بڕوا بە خۆبوونی ژنانە کە بنەمای هەموو



شتێکە بۆ هەر مرۆڤێک کە دەبێ لە خۆیدا پەروەردەی بکا بۆ سەرکەوتنی لە کار و چالاکییەکانیدا. لە کۆتایی کۆبوونەوەی کۆمیتەی رانیەدا بەڕێز نەجیبە حەسەنزادە وەک بەرپرسی کۆمیتە و بەڕێز سروە کەریمی وەک جێگری بەرپرسی کۆمیتە هەڵبژێردران.

# بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە نۆرویژ

ڕۆژی یەکشەممە، ١ی خەرمامان، نۆیەمین کۆنفرانسی کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتی کوردستان لە وڵاتی نۆرویژ بەڕێوەچوو. بەشی یەکەمی کۆنفرانسەکە کە تەرخان کرابوو بۆ باس لەسەر ڕۆڵی ژنان، بە تایبەت ژنی کورد، سەرەتا لە لایەن ”مەحبوب ڕەحیمی“ بەرپرسی کومیتەی یەکێتی ژنان لە نۆرویژ، باسێکی لە گرینگی چالاکی ژنی کورد لە هەل و مەرجی ئێستادا پێشکەش بە بەشدار بووان کرد. کوێستان عومەرزادە چالاک لە بواری ژناندا، باسێکی لە ژێر ناوی ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی ژنان لە کۆمەڵگە دا پێشکەش کرد. بەشی دووهەمی کۆنفرانسەکە تەرخان کرابوو بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتی کارو چالاکییەکانی یەکیەتیی ژنان، فەوزیە ئەحمەدی ئەندامی بەرێوەبەری ڕاپۆرتی چالاکیەکانی ٣ ساڵی ڕابردووی خوێندەوە و ڕاپۆرتی ماڵی لە لایەن نەمام زەرینفامەوە ئەندامی بەرێوەبەری یەکیەتی ژنانەوە پێشکەش بە بەشداربوان کرا. دواتر بەشدارانی کۆنفرانس ڕاوبۆچوونی خۆیان بۆ تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرت و کارو چالاکییەکانی کۆمیتەی یەکیەتیی ژنان لە نێوان دوو کونفرانس دا خستە ڕوو،



گوڵێ حەیدەری بەرپرسی کۆمیتەناوچەی یەکیەتیی ژنانی ئۆستفۆڵد پەیامی کارو چالاکی ئەو ناوچەیەی پێشکەش بە بەشداربوان کرد. پەیامی پیرۆزبایی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن سۆنیا باختە و هەروەها پەیامی پیرۆزبایی کۆمەڵەی کولتووری کوردی لە لایەن ئاسۆ یوهانسەنەوە بە بۆنەی گرتنی کۆنفرانسی یەکیەتیی ژنانەوە پێشکەش کران. دوا برگەی کاری کۆنفرانس بەرێوەچوونی هەڵبژاردنی بەرێوەبەرایەتییەکی نوێ بۆ ڕاپەڕاندنی کارو چالاکییەکانی ئەو یەکیەتییە بوو و بەرێوەبەرایەتییەکی نوێ بۆ کومیتەی گشتی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی نۆرویژ هەڵبژێردرا، هەر دوابەدوای ئەو پرۆسەیە نوێنەر بۆ کۆنفرانسی یەکیەتیی ژنانی دەرەوەی وڵات هەڵبژێردرا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەردەوامیی کۆبوونەوەکانی تەشکیلاتیی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

دوێنێ سێ‌شەممە ڕێکەوتی ٢٠ی گەلاوێژی ١٣٩٤ی هەتاوی هەیئەتێکی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە خاتوو فەریبا وەیسی جێگری سکرتێرو مینا سوڵتان‌زادە ئەندامی بەڕێوەبەری‌و ئایشێ فاتحی ئەندامی لە مێژینەی ئەو ڕێکخراوەیە بە مەبەستی پێکهێنانی کۆبوونەوەی تەشکیلاتی سەردانی کۆمیتەی سۆرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانیان کرد.





خاتوو فەریبا وەیسی وەک بەرپرسی بەشی تەشکیلاتی ئەو ڕێکخراوەیە کۆبوونەوەیەکی تەشکیلاتی بۆ ئەندامانی یەکیەتی ژنانی کومیتەی سۆران بەڕێوەبردو تێیدا جەختی لەسەر چالاکتر کردنەوەی کارو باری تەشکیلاتی ژنان کرا و داواکار بوو کە زیاترو دڵسۆزانەتر بە دەنگ ڕێکخراوەکەیانەوە بچن، هەروەها بەبۆنەی هاوکاریی بێ‌وچانی پێشمەرگەکانی چیای هەڵگورد لەلایەن ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانەوە، یەکیەتیی ژنان لە ڕێگەی لەوحێکی ڕێزلێنانەوە سپاس و پێزانینی ئەو ڕێکخراوەی بە تایبەتی بە خاتوو ئامینە پوور سەعید ئەندامی جێگری کۆمیتەی بەڕێوەبەریی و هەروەها چەند کەس لە هاوڕێیانی ئەندامی یەکیەتی ژنان لە کۆمیتەی سۆران ڕاگەیاند و هیوای خواست کە بۆ وەدی‌هێنانی ئامانجەکانی حیزبی و ڕێکخراوەیی لە هیچ هاوکاری و دڵسۆزییەک دریغی نەکەن.

ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی ١٢ی خەرمانان، تەلاری بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکانی کۆیە ٢٣هەمین پێشانگەی تایبەتیی هونەری مینیاتۆری بۆ هونەرمەند «هونەر عەبدوڵڵا» کردەوەو هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی



دێموکراتی کوردستانیش پێکهاتوو لە شەهێن مورتەزازادە و شلێر مەحموودی بەشداریان لەو پێشانگایەدا کرد.

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٤ی ئاگۆستی ٢٠١٥ سەرۆکی فدراسیۆنی ڕێکخراوە مەدەنیەکانی کۆیە بەرێز «کاک لوقمان» لەگەڵ دەستەی بۆردی فدراسیۆن بەرێزان ‹چیمەن خان، نەرمین پیرەئۆمەرانی، کاک یونس، کاک حیسامەدین، لە بنکەی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە لایەن ئەندامانی بەڕێوەبەری « شەهێن مورتەزازادە، شلێر مەحمودی و شادی وجدانی ئەندامی جێگری بەڕێوەبەری پێشوازیان لێکرا.



سەرەتای کۆبونەوەکە بە ساتێک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد، دواتر لەلایەن کاک لوقمان باس لە کێشەو گیرو گرفتەکانی فدراسیۆن لەگەڵ ڕێکخراوەکان کراو هەر لە لایەن سەرۆکی فدراسیۆنەوە بەرنامەو پێرەوی فدراسیۆن خوێندرایەوەو گفتوگۆی لە سەر کرا و بە پێشنیاری دەستەی بۆرد ئاڵوگۆری تێدا پێک هێنرا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هەڵوێستی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان لەمەر تێزاب پرژاندن بەسەر ژنان و کچانی کورد لە شاری بۆکان

دیسان جارێکی تر بیری چەپەڵی کۆنەپەرەستی قوڵی بۆ لە ناو بردنی ژنی کورد هەڵماڵی.

بە پێی هەواڵی گەیشتوو، شەوی ١٤ی جولای ٢٠١٥ دەستێکی ناپاک لە گۆڕەپانی (فەلەکە)ی فەرمانداری شاری بۆکان، چەند ژنێکی کوردی کردە ئامانجی نامرۆڤانەو بە پرژاندنی تیزاب بە سەر جەستەیان دا جینایەتێکی دیکەی دژە مرۆڤیان ئەنجام دا. لە ئاکامی ئەو جینایەتە دا چوار ژنو کچ بە ناوەکانی: سوێسنا ئیمائیلنژاد، تروسکەمەردانبەگی، سوڕەیا کەیخوسرەوەیو نادیا مەعروفی جەستەیان زامدار بوو.

هەر لەو پێوەندیە دا لە لایەن هێزە ئیتزامیەکانی ڕێژیم کەسێک بە ناوی «سالار محەممەد عومەری» دەستبەسەر کراوە. ناوبراو ڕایگەیاندوە کە حەبی خواردوەو ئاگای لە خۆی نەماوە کە ئەو جینایەتەی ئەنجام داوە. بەڵام نزیکان و کەسو کاری بریندارەکان دەڵێن درۆ دەکا و بنەماڵەکەی سەر بە دەسەڵاتن.

ئەوەی کە کێ ئەو کارەی کردوە و کێ لە پشت ئەو کارەیە، هیچ لە دڕندەیی ئەو جینایەتە کەم ناکاتەوە. ڕێژیمێک کە بە هەموو شێوەیەک پەرچ بخاتە سەر ڕێگای ژنان و تەنانەت چاولێکردنی یاریە وەرزیشییەکانیشیان لێ قەدەغە بکا، ئاساییە کە ئەو شێوە ڕووداو و جینایەتانەشی لێ دەکەوێتەوە.

کوردستان هەمیشە مەکۆی خۆراگری پیاوانو ژنانی کورد بووەو هیچ هەڕەشەو جینایەتێک تا ئەورۆ نەیتوانیوە لە ویستەکانی خۆیانیان پاشگەز کاتەوە. ژنانی کوردستان هەمیشە پێشەنگی خەباتی ڕزگاری کورد بوونەو ئەوە نزیک بە چوار دەیەیە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی یەکسان، سەرەڕای هەموو کەندو کۆسپەکان، خەبات دەکەن.

یەکیەتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان ئەو جینایەتە، هەر کەس و لایەن و هێزێکی لە پشت بێ، مەحکوم دەکا و داوا لە هەموو خەمخۆرانی دۆزی ڕەوای کورد، ڕێکخراوو کۆڕو کۆمەڵی مەدەنیو لە سەر یەک ڕێکخراوە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکا بە گژ ئەو کردەوە نامرۆڤانەیە دا بچنەوە و ئیزن نەدەن چی دیکە دایکان و خوشکانی کورد بکەونە بەر هێرشی دڕندانەی چڵکاو خۆرانی کۆماری ئیسلامی ئێران.

ئەگەر خەڵکی کوردستان بە گشتی و بەتایبەتی شاری بۆکان ئەمڕۆ لەسەر تاوانی تیزاب پرژاندن بەسەر ژنان دا لێبڕاوانە وەدەنگ نەیەن، بە کردوە ڕەوایی دەدەن بە کاری تاوانباران و لە ئاکام دا جینایەتیی لەو شێوەیە هەموو کوردستان دەگرێتەوە.

بە ئاواتی هەر چی زووتر چاک بوونەوەی برینەکانی جەستەی قوربانیانی تیزاب ڕشتنی شاری بۆکان.

نەفرەت لە ژن کوژی و ژن سوتاندن و توندو تیژی دژی ژنان

**یەکیەتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان**
**٢٠١٥/٧/١٦ زایینی**
**٢٥ی پووشپەڕی**
**١٣٩٤ هەتاوی**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی هاوبەشی یەکیەتییەکانی ژنان و لاوان بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان



**هاونیشتمانانی بەڕێز!**
**ئامادەبووانی هێژا!**

بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ ٧٠هەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی ڕیبەری، کادرو پێشمەرگەو بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، زیندانیانی سیاسی و ئەندامانو لایەنگرانی حیزب و سەرجەم خەڵکی کوردستان دەکەین.

**بەڕێزان!**

هەروەک دەزانن یەکێک لە گرینگترین ڕووداوەکانی مێژووی هاوچەرخی سیاسی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بوو. کە وەک حیزبێکی خاوەن بەرنامەو پرۆگرامێکی ریکو پێکی سیاسیو دێموکڕاتیک هاتە مەیدانی خەباتی حەقخوازانەی گەلی کوردو ڕووناکی خستە دڵی هەموو گەلی کورد لەو بەشەی کوردستاندا و بەو شێوەیە قۆناغێکی نوێ لە خەبات بۆ دێموکڕاسی و ڕزگاری گەلەکەمان دەستی پێکرد.

ئاشکرایە کە ڕەوتی ئازادیخوازی لە ئاستی جیهان دا، لە پەرەسەندن دایەو سەرجەم توێژەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە هەموو شوێنێکی ئەو جیهانە دا هەوڵ دەدەن زۆربەی هێزەکانیان بۆ هاوسەنگیی نێوان دەسەلات و کۆمەڵگا و دەستەبەربوونی پتری مافەکانیان و کاریگەریان سەبارەت بە وەگەڕخستنی هێزی تاک و کۆ، لەنێو دەستەلاتێکی یاسا تەوەر و تا ڕادەیەک دێمۆکڕاتیک دا، بەکار بێنن. لە هەمان کات دا وەزعی ئاڵۆزی زۆر ناوچەی جیهان لە قەیرانی قوڵی سیاسیی و کۆمەلایەتیی و ئابووری دایە کە ژیانی خەڵکەکەی خستۆتە مەترسییەوە. بۆیە هەر حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی ئەگەر بیانهەوێ ڕۆڵی بەرچاویان لە کۆمەڵگادا هەبێ، دەبێ هەوڵ بدەن چێنو توێژەکانی کۆمەڵگا لە دەوری بەرنامەو ئامانجەکانیان کۆ بکەنەوەو لە هێزو تواناکانیان کەڵک وەربگرن، بە تایبەتی ژنان و لاوان کە ڕۆڵی سەرەکی لە بزاڤی ئازادیخوازی و مافی نەتەوایەتی و یەکسانی دا دەگێڕن. هەموومان باش دەزانین کە بە بێ بەشداری چالاکانەی ژنان و لاوان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا پێشکەوتن بە دەست نایەت و پێویستە بایەخێکی تایبەت بدرێت بەو دوو توێژە.

**هاونیشتمانانی بەڕێز!**

ئێمە لە کاتێکدا یادی ٧٠هەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەکەینەوە کە بارودۆخی رۆژهەلاتی ناوەراست بە گشتی و کوردستان بە هەموو پارچەکانیەوە بەتایبەتی، بە قۆناغێکی هەستیار دا تێدەپەڕێت.

لە کوردستانی رۆژهەلات گەلی کورد خاوەنی خەباتێکی درێژو پڕ لە قوربانی دانەو ئەو خەباتە ئێستاش بە شێوەی جۆراجۆر درێژەی هەیە. جێی سەرنجە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە هاوکاری و پشتیوانی خەباتی کورد لە بەشەکانی دیکە، بە پێی توانا کەمتەرخەم نەبوە. ئەو نەریتە دەتوانێ بەهێزترین خاڵی پۆزەتیڤی سەرکەوتنی خەبات لە دژی ژێر دەستی دا، هاوبەش بێت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چونکە هەمووومان دەزانین کە رەمزی سەرکەوتنی خەباتی گەلی کورد لە گرەوی یەکریزیو یەکگرتوویی خەڵکیی کوردو هاوخەباتی هێزە سیاسییەکانی کورد دایە.

بۆیە، ئێمە وەک رێکخراوەکانی ژنان و لاوانی دێموکڕات، داوا لە هەموو هێزە سیاسییەکانی کورد دەکەین کە هەوڵی زیاتر بۆ لێک نزیک بوونەوە بدەنو بەستێنی گونجاو بۆ هاوخەباتیو کاری هاوبەش پێک بێنن. هەر وەها راستیەکی حاشا هەڵنەگر ئەوەیە کە یەکگرتوویی دێموکراتەکان دەتوانێ کاریگەری گرینگی لە بووژانەوەی خەباتو گەشانەوەی پرسی نەتەوەیی لە کوردستانی رۆژهەلات هەبێ. هیوادارین بە هەوڵی بێوچانی هەموو لایەک ئەو هاوکاری و یەکگرتوویو هاوخەباتیە پێک بێت.

لە کۆتایی دا، وەک نەریتی هەموو یادە مەزنەکان، پشتیوانی لە خەبات و بەرخۆدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، وەک: بەتەمەنترین و مۆدێرنترین حیزبی سیاسیی رۆژهەلاتی کوردستان دەکەین، و خۆمان بە هاوهەنگاوی تێکۆشانیان دەزانین.

دووبارە بەرز و پیرۆز بێ ٢٥ی گەلاویژ ٧٠ـەمین سالوەگەڕی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

**کۆمیتەی بەڕێوەبەریی**
**یەکیەتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان و**
**یەکیەتی لاوانی دێموکڕاتی رۆژهەلاتی کوردستانی**
**٢٥ی گەلاوێژی ١٣٩٤ هەتاوی**
**١٦ی ئاگۆست ٢٠١٥ی زایینی**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# WOMEN

Democratic Women Union of Kurdistan

No : 41 Date: September 2015

دەسپێکی ساڵی نوێی خوێندن لە هەموو قوتابیان و خوێندکارانی کورد پیرۆز بێ



چەند دیمەنێک لە قوتابیانی یەکێک لە قوتابخانەکانی نێو کەمپەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان



دیمەنێک لە قوتابیانی نێوخۆی ئێران

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org